
شارڵ بودلێر

واڵتەر بنیامین

وەرگێڕانی
پێشڕەو محەمەد



# وەڕەسییەکانی پاریس
# سەنتراڵ پارک

دەربارەی
وەڕەسییەکانی پاریس

# (وەڕەسییەکانی پاریس) – (سەنترِاڵ پارك-دەربارەی وەڕەسییەکانی پاریس)

**شارڵ بودلێر- واڵتەر بنیامین**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

**ناوی کتێب:** (وەرەسییەکانی پاریس) – (سەنتراڵ پارك)

**نوسەر:** شارڵ بودلێر  والتەر بنیامین

**وەرگێڕانی:** پێشڕەو محەمەد

**بڵاوکەرەوە:** ماڵپەڕی سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیۆنال (isk21.org)

**لە بەرهەمەکانی:** ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

**ساڵی بڵاوکردنەوە:** ٢٠١٨

# بەشی یەك

## سەنترِاڵ پارك

## واڵتەر بنیامین

# سەنترڵ پارك

## 1

گریمانەی لافورگ دەربارەی ڕەفتاری بودلێر لەقاحپەخانەدا [bordello][1] سەرجەمی دیمەنی دەروونشیکارییانەی ئەو بەرانبەر بە بودلێر دەخاتە نێو ڕوانگەیەکی ڕاست و دروستەوە. ئەم دیمەنە خاڵ بە خاڵ لەگەڵ ڕەوت و ئاراستەی باوی "مێژووی ئەدەبی"دا دەگونجێت.

جوانیی تایبەتی زۆرێک لە سەرەتاکانی شیعری بودلێر، هەر لەمەوە سەرچاوە دەگرن: سەرهەڵدان لەنێو دڵی چاڵ و دۆڵەوە.

[شیتڤان] گۆرگە بە وەرگێڕانی Spleen et Ideal بۆ ( Trubsunn Verfeistigung und) زۆر بەوردییەوە پەنجە لەسەر مانای ڕاستەقینەی ئایدیال لای بودلێر دادەنێت.

ئەگەر بتوانین بڵێین ژیانی مۆدێرن لای بودلێر بناغە و کۆگا (مەخزەن)ی وێنە دیالەکتیکییەکانە، ئەوا ئەم واقیعەش بەشێکە لەو شتە کە پەیوەندیی بودلێر بە ژیانی مۆدێرنەوە، هەمان پەیوەندیی سەدەی حەڤدەیە بە سەردەمی کۆنەوە.

[1] وشەیەکی ئیتاڵییە کە بە ئینگلیزیی دەبێتە whorehouse سۆزانیخانە (وەرگێڕ)



هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر لەبیرمان بێت بودلێر وەک شاعیرێک بە چ ڕادەیەک دەبوو ڕێزی دەربڕینەکانی خۆی، بینینەکان و تابووکانی خۆی بگرێت و لەلایەکی دیکەوە، سنووری ئەرکە شاعیرانەییەکەی خۆی بە چ وردبینییەکەوە دەستنیشانکردبوو، ئەوسا [دەتوانین] حزووری خەسڵەتی پاڵەوانئاساییانەی نێو سیمای ئەو ببینین.

2

*Spleen [وەڕسی]* وەک بەربەستێک دژی ڕەشبینی. هەرگیزاوهەرگیز بودلێر ڕەشبین نەبووە. هەر لەبەرئەوەشە، کە ئەو [ڕوانین] بۆ داهاتوو وەک تابوو دەبینێت. هەر ئەمەشە وادەکات پاڵەوانپەرستیی ئەو زۆر بەڕوونی لە ڕەهەند و ئاراستەی پاڵەوانپەرستیی نیچە جیاببێتەوە. کارەکانی ئەو هیچ ڕامان و وردبوونەوەیەکیان بۆ داهاتووی کۆمەڵگای بۆرژوازیی هەڵنەگرتووە و ئەمەش بەوردبوونەوە لەخەسڵەتی یاداشت و تێبینییە تایبەتییەکانی، شتێکی سەرسوڕهێنەرە. تەنیا بە گەڕانەوە بۆ یەک بوار دەکرێت لەوە تێبگەین، کە ئەو دەربارەی نەمری و مانەوەی کارەکانی چەندە حسابێکی کەمی بۆ دەرکەوتەکان و کاریگەرییەکانیان دەکرد و بونیاد و بناغەی ***گوڵەکانی ئازار*** چەندە و بەچ ڕادەیەک مۆنادۆلۆژیانەیە.

بونیادی ***گوڵەکانی ئازار*** خۆی کۆت و بەند نەکردووە بۆ هیچ فۆڕمێکی جوانکاریی ڕێکخستن و نەزمی شیعرییانەی تاکگەرایی، چ

بگـات بە هەبـوونی شـاکلیلێکی نهێنـی؛ ئەم بونیـادە لە سـڕینەوەی بێڕەحمـانەی هەمـوو جـۆرە تـیم و نـاوەڕۆکێکی لیریکـی سـەرچاوەیگرتووە، کە مـۆرکی ئەزمـوونی خەفەتبـارانەی خـودی بـودلێری بەسـەرەوە نەبێـت. ڕێـک لەبەرئەوەی بـودلێر دەیزانـی نەخۆشی یان کارەسات یاخود ***وەڕسی*** خۆی – ***وەڕسبوونی ژیان***، vitae taedium – ئـازارێکی زۆر کـۆنە، توانـای ئەوەی هەبـوو مـۆرک و ئیمـزای ئەزمـوونی تـایبەت بەخـۆی بەباشـترین شـێواز دەربخـات. لەوانەیە بۆمـان هەبێـت گومـانی ئەوە بکەیـن، کە وێـڕای خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ساتیرنووسانی ڕۆمای کۆن، کەمتر شتێک دەیتـوانی بەو ڕادەیە ئەو بەرانـبەر بە ڕەسـەنێتی و داهێنـانی خـۆی ڕازیبکات.

هەواڵنامەی کتێب

## 3

"ڕێزگـرتن" (appreciation) یـان بەرگرینـامە هەوڵـدەدات سـەرپۆش بخـاتە سـەر سـات [یـان ڕەهەندە] شۆڕشـگێڕییەکانی ڕەوتـی مێژوو. لەبنەڕەتـدا، ئامـانجەکەی سـەقامگیرکردنەوەی دووبـارەی جـۆرە بەردەوامییەکە و تەنیا پێداگریی لەسەر ڕەگەزگەلێکی بەرهەم دەکات، کە پێشـتر گـۆڕاون بـۆ بەشـێکی نفـوز و کـاریگەرییەکەی. ئەم کـارە دەرکەوتـنە تونـدەکان و داکشـانەوە و نزمبوونەوەکـان لەبەرچـاو

ناگرێـت، کە شـوێنپێیەک فەراهەمـدەکەن بـۆ ئەو کەسـەی، دەیەوێـت بچێتە سەرووی ئەم بەرهەمەوە.

شڵەژانە گەردوونییەکانی ڤیکتۆر هۆگۆ، هەرگیز ئەو خەسڵەتەی تـرس و تـۆقینە ڕووت و ئاشـکرایەی نیـیە، کە بـودلێر لە ***وەڕسـی***دا بـۆ ڕاوکردنـــی خـــۆی هەیبـــوو. ئەو شـــڵەژانە لە نـــاوەوەی فەزایەکـــی گەردوونیدا بۆ شاعیر (هۆگۆ) دادەبەزی، کە لەگەڵ فەزای ناوەوەیدا دەگونجا، هەر ئەو فەزایەی شاعیر واهەستیدەکرد ماڵەکەی خۆیەتی. ئەو بەڕاسـتی ئەو جیهـانە تارمـاییەی وەک مـاڵ سـەیر دەکـرد. ئەم جیهـــانە تەواوکەری فەزای گونجـــاو و ئاســـانی ژیـــانی ئەو بـــوو لەمـاڵەوەدا، ژیانێـک کە خـۆی هەرگیـز لەدەرەوەی تـرس و تـۆقینەوە نەبوو.

"لەنێـو ئەو دڵە نەمـرەدا کە هەمیشـــە دەیویســـت شـــکۆفە بکـــات" – دەسـتەواژەیەک بۆ ڕوونکـردنەوە و هەڵسـەنگاندنی مانـای ***گوڵەکـانی ئـــازار*** و نەزۆکـــی (sterility). Vendanges (بەرهەمـــی تـــرێ، وەرزەکـان، وەرزی پـاڵاوتنی شـەراب) لای بـودلێر – ماخولیـاییترین زاراوەی ئەو. (Semper Eadem': l'mpreve) "هەمیشە یەکسان": ناچاوەڕوانکراو).

نـاکۆکیی نێـوان تیـۆریی دیـدەنییە سروشـتییەکان و ڕەتکـردنەوە و ئینکارکردنی سروشت. دەبێت چۆنچۆنی ئەمە لابەرین؟

هێرشە لەناکاوەکان، برەوی ڕازئامێزی، بڕیارە کتوپڕەکان هەموویان سەر بە لۆژیکی دەوڵەت [raison d'etat]ی ئیمپراتۆرییەتی دووەم و لە خەسڵەتە دیارەکانی ناپلیۆنی سێیەم بوون. ئەمانە هەموویان دروستکەری هەمان ژێستی دیاریکەرن لە دەربڕینە تیۆرییەکانی بودلێردا.

4

لەخۆبێگانەبوون ئەو تۆفانە چارەنووسسازە تازەیە، کە پێدەنێتە نێو ژیانی وەڕسکەرەوە و دەشێگۆڕێت بۆ ***وەڕسی***. لە ئازار [Trauer]ی بودلێردا، هەموو ئەوشتانەی لە زنجیرەی بێکۆتایی ڕامان، یان دووبارە بیرکردنەوەوە بەجێماوە – ڕامان و بیرکردنەوەیەک، کە لای ڕۆمانتیسیزم بەشێوەیەکی سادەکارانە فەزای ژیانی لەنێو چوارچێوەی کۆمەڵە بازنەیەکی هەرچەند خێراتر پەرەپێدا و لە چوارچێوە هەرچەند بەرتەسکترەکاندا شاردییەوە – تەنیا "دەردەدڵییە ڕووبەڕووەکان، تاریکستان و زوڵاڵەکان"ی سوبێکتە لەگەڵ خودی خۆیدا. "جدییەت"ی تایبەت بەکارەکەی بودلێر لێرەوە دەبینرێتەوە. هەر ئەم جدییەتە بوو، شاعیری دوورخستەوە لەوەی بچێتە نێو جیهانبینیی کاسۆلیکییەتەوە، ئەو جیهانبینییەی تەنیا لەژێر چەتری

کـاتیگۆریی یـاری (گەمە)دا دەتوانێـت لەگەڵ جیهـانبینیی تەمسـیلدا[2] ئاشـتببێتەوە. لێـرەدا بەپـێچەوانەی بەرهەمەکـانی سـەردەمی بـارۆک، چیتــر بەئاشــکرا خەســڵەتی دەرکەوتە یــان ســاختەی تەمســیل، پشتڕاستناکرێتەوە.

بـودلێر خـۆی بـۆ هـیچ سـتایلێک کـۆت و بەنـد نەکردبـوو و هـیچ قوتابخانەیەکیشـی نەبـوو. هەرئەمەش بـووە هـۆی ئەوەی، زۆر کەم پێشوازیی لە بەرهەمەکانی بکرێت.

ناسینی تەمسیل وەڵامێکی بەجۆرێک مانـادارترە بۆ قەیرانـی هـونەر نەک بـۆ عەقیـدە و ڕێچـکەی هـونەر بـۆ هـونەر، قەیرانێـک کە ئەم عەقیدەیە وابڕیـار بـوو، لە دەورووبەری 1852دا، بەرەو پیری بڕوات. ڕیشـەکانی ئەم قەیرانەی هونەر، هەم لەنێو بـارودۆخی تەکنەلۆژیـانەدا بوو و هەم لەنێو بارودۆخی سیاسیدا.

هەواڵنامەی کتێب

5

دوو ئەفسـانە لەسـەر بـودلێر بـوونی هەیە. یەکێکیـان خـودی خـۆی بـرەوی پێـداوە و بڵاویکـردووەتەوە، کە لەو ئەفسـانەیەدا، بـودلێر لە

[2] بۆ خوێندنەوە و ئاشنابوونی زیاتر لەسەر چەمکی تەمسیل لە فیکری بنیامین و هەروەها بودلێردا دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ نووسینێکی من بەناوی "سوبێکتی وێران: دەربارەی ئایدیای وێرانە لای واڵتەر بنیامین، بەتایبەت بەشی: تەمسیل دژی سیمبولیزم" لە کتێبی کێشەی سوبێکت، کتێبی یەکەمدا، چاپ و بڵاوکراوەی دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2014.

فـــۆڕمی دێـــو و تـــرس و تۆقانـــدنی هاووڵاتیـــانی بـــۆرژوازیی [Burgerschreck]دا دەردەکەوێت. ئەویدیکەیان دوای مردنی خۆی دروستکراوە و بووە هۆی بەناوبانگبوونی، کە بودلێر وەک شەهیدێک دەردەخـات. دەبێـت بەتەواویـی، ئەم خەرمـانە تیۆلـۆژییە سـاختە و تەزویرە ڕەشبکەینەوە. مۆنیە [ی کاریکاتێریست] فۆرمولێکی تایبەتی بۆ ئەم خەرمانەیە هەیە.

دەکرێـت بڵێـین: بەخـتەوەری وەک شـڵەژان و لەرزانێـک سـەرتاپای ئەوی داگیرکردووە؛ بەڵام نـاتوانین هەر ئەم [شـڵەژانە] بۆ بەدبەختی بەکـاربهێنین. لە بـارودۆخی سروشـتیدا، بەدبەختـی ناتوانێت دزەبکاتە ناومانەوە.

***وەڕسـی*** هەسـتێکە لەڕوانـگەی بەردەوامیـیەوە لەگەڵ کارەسـاتدا دەگونجێت.

ڕەوتـی مێـژوو هەروەکچـۆن لە چەمکـی کارەسـاتدا دەردەکەوێـت، بەڕاستی تەنیا بەڕادەی گرنگیی کالیدۆسکۆپ[3] [Kaledideskop] بۆ منداڵان، دەتوانێت بۆ بیرمەندان جێگای سەرنج بێت، هەمان ئامڕازێک بە خـولانەوەی دەسـت، نەزمـی باڵادەسـت تێـک و پێـک دەچێـت و نەزمێکـی نـوێ بەرپادەبێت. سـوودوەرگرتن لەم نمـونەیە، بنەمـایەکی حەقیقی و پاساوهەڵگری هەیە. چەمکەکانی [یاخود ئایدیاکانی] چینی

[3] کەرەستەیەکی یاریکردن، کە لە لولەیەک بە چەند ئاوێنە و بڕێک شوشەی وردی ڕەنگاو ڕەنگ دروستکراوە، کە بەهەر خولاندنەوەیەکی لولەکە، نەزمێکی تازە لە شوشە ڕەنگاوڕەنگەکاندا دروستدەبێت.

باڵادەست هەمیشە ئاوێنەیەک بووە کە بەهۆیەوە، وێنەی جۆرە "نەزم"ێک سەقامگیرکراوە. دەبێت ئەم کالیدۆسکۆپە تێک و پێک بشکێنین.

گۆڕ وەک ژووریکی نهێنی کە [لەو ژوورەدا] ئیرۆس و سێکسوس کۆتایی بە ململانێ کۆنەکەی خۆیان دەهێنن.

لای بودلێر، ئەستێرەکان جۆرە تەڵەزگە و مەتەڵێکی وێنەی کالا دەنوێننەوە و نمایشیدەکەن. ئەوانە هەمیشە شتێکی یەکسانن لە ژمارەیەکی زۆر گەورەدا.

کالا تەنانەت زیاتر لە تەمسیل، لەنێو دڵی خودی ئەم جیهانەدا بەها لە جیهان وەردەگرێتەوە و جیهان لە بەها دادەماڵێت.

هەوڵنامەی کتێب

6

دەبێت ***ستایلی لاوان*** [*Jugendstil*][4] وەک دووەم هەوڵی هونەر بۆ گونجان لەگەڵ تەکنەلۆژیادا پێناسەبکرێت. ڕیالیزم یەکەم هەوڵ بوو. لەڕیالیزمدا، کێشەکە بۆ ئەو هونەرمەندانە ناسراوبوو، کە خۆیان لەگەڵ پرۆسەکانی بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکی یان تەکنەلۆژیادا

---

[4] بە حەرفی بە مانای ستایلی لاوان و بەتایبەت فۆرمە ئەڵمانییەکەی "ئار نۆڤە" یان "هونەری نوێ" دێت، کە بزووتنەوەیەک بوو بە کاریگەربوون بە پۆستکاردە ژاپۆنییەکان و فۆرمە ڕەگی و گیاییەکان.

نەگونجاندبوو. (لە هەندێک هەڵوێستی لاپەڕەی سەر بە وتاری بەرهەمهێنانەوەدا). لە ***ستایلی لاوان***دا، بەگشتی ئەمە پێشتر سەرکوتکرابوو. ستایلی لاوان چیتر خۆی لەبەردەم هەڕەشەی تەکنەلۆژیا وەک دوژمن و نەیاری خۆیدا نەدەبینییەوە. ڕێک بەم هۆیەوە، ڕەخنەی تەکنەلۆژیا، کە لەناو دڵیدا بەشاراوەیی مابووەوە، بەردەوام خەسڵەتێکی سەرتاپاگیر و هێرشبەرانەی وەردەگرت. مەبەستی هەرە سەرەکیی ئەم ستایلە، وەستاندنی گەشەی تەکنەلۆژیا بوو. گەڕانەوە و پشتبەستنی ئەم ستایلە بە ناوەڕۆک و مۆتیڤە تەکنەلۆژییەکان بەرهەمی هەوڵی ئەو شتە بوو، کە لای بودلێر بریتی بوو لە تەمسیل، لای ڕۆلینا[5] تا ئاستی ژانر دابەزی.

دەبێت وەک دژبەری یەکلاییکەرەوەی ناوەڕۆکەکانی ***ستایلی لاوان*** باسی "ونکردنی خەرمانەی زێڕین"[6] بکەین.

جەوهەر وەک مۆتیڤ و ناوەڕۆکی ***ستایلی لاوان***.

نووسینی مێژوو واتا بەخشینی ساڵیادەکان بە فیزیۆنۆمییەکانیان.

قاحپەخانەی شوێنی ژێر کاریگەریی حەشیش، ئەو شوێنەی حەشیش خزمەت بە هەموو ئەو شتانە دەکات کە هەن (***وەڕسی***).

---

[5] مۆریس ڕۆلینا (1846–1903) شاعیری فەڕەنسی، کە کاریگەربوو بە بودلێر.

[6] لە ژمارە یەکی بڵاوکراوەی شیعردا، ئەم شیعرەی بودلێر لەلایەن منەوە کراوە بە کوردی.



هەوالنامەی ئێستا

لە ڕوانگەی ***وەڕسی***یەوە، مرۆڤی بەخاکسپێردراو (لاشە) هەمان "سوبێکتی ترانسێندێنتاڵ" (سوبێکتی دەرنشین)ی ئاگایی مێژووییە.

***ستایلی لاوان*** بەدیاریکراوی شێت و شەیدای "خەرمانەی زێڕین" بوو. خۆر بە تاجە نورانییەکەیەوە لە هیچ شوێنێکدا هێندە شانازیی بەخۆیەوە نەدەکرد و چاوی مرۆڤ لە هیچ شوێنێکدا بەم ڕادەیە درەوشاوە نەبوو، مەگەر لای فیدۆس[7] بەمجۆرە بێت.

## 7

مۆتیڤی دەبڵ ڕەگەز[8]، ژنی لیزبیان یان ژنی نەزۆک، یان هاوڕەگەزباز، دەبێت لەپەیوەندیدا بە دەسەڵات [یان توندوتیژی]ی وێرانکەری نییەت و مەبەستی تەمسیلییەوە هەڵبسەنگێنرێت. بەڵام پێش ئەوە دەبێت باسی [مۆتیڤ و ناوەڕۆک]ی ڕەتکردنەوەی "سروشتی" بکەین ئەویش لەپەیوەندیدا بە مۆتیڤی میترۆپۆلیس (گەورەشار) وەک بابەت و کەرەستەی شاعیر.

مەریۆن[9]: ئۆقیانووسی ماڵەکان، وێرانەکان، هەورەکان و شکۆمەندی و ناسکێتی و بێکەڵبوونی پاریس.

---

[7] فیدۆس ناوی خوازراوی هۆگۆ هۆپنەر شێوەکار و تەلارسازیی ئەڵمانی و ئەندامی بزووتنەوەی ستایلی لاوان بوو.

[8] Androgyne ئەوانەی هەم خاوەن ڕەگەزی نێر و هەم ڕەگەزی مێن.

[9] شارل مەریۆن بەردهەڵکۆڵی فەرەنسی و هاوڕێی بودلێر.

دەبێت ناکۆکی یان دژیەکێتیی نێوان سەردەمی کۆن و مۆدێرنیتە لەنێو سیاق و زەمینەی پراگماتیکییدا – کە ئەم ناکۆکییە سەرەتا لە بەرهەمەکانی بودلێردا دەردەکەوێت – بگوازرێنەوە بۆ نێو باگراوند و زەمینەی تەمسیلییەوە.

***وەڕسیی پاریس*** چەندان سەدە لە مەودای نێوان ساتی ئێستا و ساتێکدا جێدەکاتەوە، کە ئێستا خەریکە ژیان بەسەردەبات. ئەمە ***وەڕسی***یە بەشێوەیەکی نەبڕاوە و ماندوونەناسانە "شتی کۆن" بانگدەکات و دایدەمەزرێنێت.

لای بودلێر "***مۆدێرن***" تەنیا لە هەنگاوی یەکەمدا لەسەر هەستیاری (sensibility) دانەمەزراوە. [لای بودلێر] (***مۆدێرن***) لە جۆرە عەفەویەت و خۆڕسکییەکی بالآدا دەردەکەوێت؛ ***مۆدێرن*** لای بودلێر جۆرە داگیرکردنێکە؛ ئارمیچەرێکی کانزایی هەیە. بەڕواڵەت ئەوە تەنیا ژول لافۆرگ بوو لەم شتە تێگەیشت، ئەویش کاتێک باسی "ئەمریکاییگەرایی" بودلێری کرد.

## 8

بودلێر خاوەنی هیچ جۆرە ئایدیالیزمێکی مرۆڤدۆستانەی کەسانێکی وەک ڤیکتۆر هۆگۆ یان لامارتین[31] نەبوو. عاتیفەگەرایی (سۆزگەرایی) کەسێکی وەک موسای لەبەردەستدا نەبوو. ئەو پێچەوانەی گۆتیە،



هەواڵنامەی کتێب

چێژی له سەردەمی خۆی وەرنەدەگرت و نەیدەتوانی وەک لۆکۆنت دو لیل[10] خۆی دەربارەی [ئەو شتانە] فریوبدات. ئەو نەیدەتوانی وەک ڤێرلین پەنابەرێتە بەر خۆپارێزی و نە وەک ڕامبۆش دەیتوانی هێزی لاوی جۆش و خرۆشی لیریکیی خۆی لەڕێگای خیانەتکردن لە گەورەیی و باڵغبوونی خۆیدا بەهێزتر بکات. بودلێر وێڕای ئاگاداربوون لە دەوڵەمەندی و گەورەیی هونەرەکەی خۆی، بەڕادەیەک دەستەپاچەیە لە گەیشتن و بەکارهێنانی گەلێک فێڵ و تەڵەکەی زیرەکانە بەرانبەر بە سەردەم و ڕۆژگاری خۆی. تەنانەت (ئەو ***مۆدێرنە***)ی هێندە مەغروربوو لەپای کەشفکردنیدا، ئەریّ چۆن زەنگی دەستپێکەکەی لێدرا؟ ئەو کەسانەی لە ***ئیمپراتۆریەتی دووەم***دا دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو، ئەو مۆدێلانەی چینی بۆرژوازییان هەڵنەدەگرتەوە، کە بەلزاک دەرکیپێکردبوون. "***مۆدێرن***" سەرئەنجام بەرەو ڕۆڵ و نەقشێک وەرگەڕا، کە لەوانەیە لەبنەڕەتدا بودلێر خۆشی توانای ئەنجامدانی نەبێت. ڕۆڵێکی تراژیدییانە کە کەسی ئاماتۆر (بیّ ئەزموون) – کە لە نەبوونی ئەکتەرانی لێهاتوو یان تواناکانی دیکەدا گێڕانی ئەو ڕۆڵەی گرتبووە ئەستۆ – بەگشتی سوودی لەو فیگورە کۆمیدییە وەردەگرت، وەک ئەو پاڵەوانانەی دۆمیە[11] دەینەخشاندن و بودلێریش زۆر ستایشی دەکردن. بێگومان بودلێر هەموو ئەمانەی دەزانی. ئەو ڕەفتارە نامۆیانەی بودلێر هێندە

---

[10] لامارتین، شاعیر و ڕۆماننووسی فەرەنسی، موسە: شاعیر، درامانووس و وەرگێڕی فەرەنسی. دو لیل، شاعیر و وەرگێڕی فەرەنسیی و ئەندامی بزووتنەوەی پارناسییەکان.

[11] شێوەکار، پەیکەرساز و کاریکاتێریستی فەرەنسی.

چێژی لێوەردەگرتن، لەڕاستیدا شێوازی تایبەتی ئەو بوون بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم شتە. لەم ڕووەوە، ئەو بە یەقینیی، نە ڕزگارکەر بوو و نە شەهید و هەروەها قارەمانیش نەبوو. بەڵام لەودا چەند شتێکی تەقلیدکراوە هەبوون، کە دەبوو ڕۆڵی "شاعیر" بگێڕێت، ئەویش بەرانبەر بە تەماشاکەران و کۆمەڵگایەک کە چیتر پێویستی بە شاعیری ڕاستەقینە نییە و تەنیا فەزایەکی گونجاو بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە دەخاتە بەردەستی شاعیرەوە.

## 9

هەواڵنامەی کتێب

عوسابییەت (نیرۆسیس) کەرەستەیەکی زۆر زۆری بەرهەمهێنان لەنێو دڵی ئابووریی دەروونیدا بەرهەمدەهێنێت؛ لێرەدا، فۆرمی ئایدیای وەسواسی بەخۆیەوە دەگرێت. ئەم وەسواسییە لە چوارچێوەی نموونەگەلێکی بەرهەمهێنانی لەڕادەبەدەر لە فەزای ماڵەوەی زەینێکی عوسابییدا وەک شتێکی هەمیشە یەکسان دەردەکەوێت. لای ئۆگست لویی بلانکی[12]، ئەوە خودی ئایدیای گەڕانەوەی ئەبەدییە، کە لەسەر فۆرمی جۆرە وەسواسییەکدا دەردەکەوێت.

[12] خەباتگێڕی شۆڕشگێڕی فەرەنسیی کە لە شۆڕشەکانی 1830، 1848 و کۆمۆنەی پاریس بەشدارییکردووە و بەدرێژایی ژیانیشی بەردەوام زیندانیکراوە.

ئایدیای گەڕانەوەی ئەبەدیی خودی ڕووداوی مێژوویی دەگۆڕێت بۆ کەرەستەیەکی زۆری بەرهەمهێنان. بەڵام ئەم تێگەیشتنە لەهەمانکاتدا، لەلایەکی دیکەوە – یان دەکرێت بڵێین: لە ڕووەکەی دیکەیدا – شوێنپێیەکی ئەو هەلومەرجە ئابوورییە پیشاندەدات، کە هەر قەرزاری ئەمەیە بەهۆی بەمۆدێلبوونە لەناکاوەکەیەوە. ئەم شتە لەو ساتەدا ئاشکرا بوو، کە ئاسایشی پەیوەندی و بارودۆخی ژیان بەهۆی یەک بەدوای یەکی خێراتربوونی قەیرانەکانەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو نوقسانی تێکەوت. ئایدیای گەڕانەوەی ئەبەدیی ڕەنگ و بۆی خۆی لەم واقیعەوە وەردەگرت، کە چیتر لەژێر هیچ هەلومەرجێکدا نەدەکرا چاوەڕوانی ئەوە بین، کە ئەم پەیوەندییانە لە وەرزە زەمەنییە کورتترەکاندا لەو شتەوە دووبارەببنەوە، کە ئەبەدییەت ڕێگای پێدەدا. وردە وردە گەڕانەوەی مەنزومە ڕۆژانەییەکان کەمتر بوووەوە و لەئەنجامدا، ئیمکانی دەرکەوتنی ئەم گومانە ناڕوونە سەریهەڵدا کە لەم ساتە بەدواوە، دەبێت مرۆڤ بە مەنزومە گەردوونییەکان ڕازیببێت. بەکورتی، خوو و عادەت ئامادەکرا تا واز لە بەشێکی ماف و ئیمتیازاتەکانی خۆی بهێنێت. نیچە دەڵێت "من عاشقی عادەتە کورتەکانم" و پێش ئەمە، بودلێر خۆشی لە هەموو تەمەنیدا توانای دروستکردنی عادەتێکی بەردەوام و پتەوی نەبوو.

## 10

لە شـــەقامی ئـازار و خەمـی (passionsweg) کەسـی ماخولیاییـدا، تەمســـیلەکان هەمـــان وێســـتگەکانی وەســـتانن. شـــوێن و نەخشـــی ئێســـکەپەیکەر لە ئیبۆتۆلۆژیـــای بـــودلێردا؟ (ڕازاوەیـــی بـــێ نـــاوی ئێسکەپەیکەری ئینسانی).

لاوازیـی و بێتوانـایی، بنـاغەی شـەقامی خەم و ئـازاری ڕەگەزی نێـرە. پێڕســـتی مێژوویـــی ئەم لاوازیـــیە. ئەم لاوازیـــیە ســـەرچاوەی حەزی بـــودلێرە بـــۆ وێـــنەی فریشتەئاســـای ژن و هەروەهـــا ســـەرچاوەی فیتیشیزم. بگەڕێنەوە بۆ خەسڵەتوەرگرتن و وردبینیـی ئامادەیی ژنـان لە لای بـــودلێر. "گونـــاهی شـــاعیر" لەڕوانـــگەی کـــیللەرەوە[13] – واتـــا "داهێنـانی وێـنە شـیرینەکان بـۆ ژنان/بەجۆرێک کە ئەم وڵاتە تـاریکە هەرگیـز بەخـۆیەوە نەیبینیـوە" – بەبێگومـان گونـاهی بـودلێر نیـیە. وێنەکانی کیللەر بۆ ژنان هەڵگری شیرینییەکی خەیـاڵپڵاویی خـورافین، چـــونکە ئەو لاوازی و بێـــتوانایی خـــۆی دژەپێکـــردووەتە نێـــو ئەم وێنانەوە. بودلێر لە نەخشاندنی ڕووخسارە مێینەکانی خۆیدا دەقیقتر و بەکـورتی بەفەڕەنسـیتر دەمێنێتەوە، چـونکە لای ئەو، بەپـێچەوانەی کـــیللەرەوە، ڕەگەزە فیتشیســـتی و فریشتەئاســـاییەکان بەڕادەیەک هەرگیز لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن.

---

[13] گۆتفرید کیللەر، نووسەری سویسری و پەخشاننووسی ئەڵمانی.

بنەڕەت و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی لاوازی (نەزۆکی): چیتر خەیاڵپڵاویی چینی بۆرژوازیی سەرقاڵی داهاتووی ئەو هێزە بەرهەمهێنەرانە نییە، کە خۆی لەکۆت و بەند ڕزگارکردووە (بەراوردی نێوان یۆتۆپیا کلاسیکییەکانی ئەم چینە بە یۆتۆپیاکانی نیوەی سەدەی نۆزدە بکەن). چینی بۆرژوازی، بۆئەوەی بتوانێت زیاتر لەپێشوو خۆی سەرقاڵی ئەم داهاتووە بکات، لەڕاستیدا دەبێت سەرەتا دەست هەڵگرێت لە ئایدیای مافی خانەنشینی. من لەوتارەکەمدا لەسەر [ئیدوارد] فوش ئەوەم دەرخستووە، کە چۆن "فەزای گەرم و ئاسوودە"ی تایبەتی نیوەی سەدە لەنێو دەستی ئەم سستی و لاوازیی و دارمانە حەتمییەی خەیاڵ و فەنتازیای کۆمەڵایەتیدا پێشدەکەوێت. بەراورد بەو وێنانەی ئەم فەنتازیا کۆمەڵایەتییەی بۆ داهاتوو بەرهەمیدەهێنێت، ئارەزووی سکپڕبوون لەوانەیە جوڵێنەرێکی لاوازتر بێت بۆ توانای سێکسی. وێڕای هەموو ئەم شتانە، عەقیدە و ڕێچکەی بودلێر بۆ منداڵان وەک بوونەوەرێک، کە زیاتر لەهەمووان نزیکترن لە گوناهی یەکەمەوە، زۆر شت یەکلاییدەکاتەوە و ئاشکرایدەکات.

## 11

ستراتیژییەتی بودلێر بەرانبەر بە بازاڕی ئەدەبی: بودلێر – لەڕێگای ئەزموونە قووڵەکەیەوە بۆ خەسڵەت و سروشتی کاڵا – توانی یان

ناچار بوو وەک سەرچاوەیەکی ئۆبێکتیڤ و بابەتیی سەیری بازاڕ بکات (بگەڕێنەوە بۆ نووسراوەکەی بودلێر، ***پێشنیازەکانی بۆ ئەدیبە لاوەکان***). ئەو لەڕێگای دانوستاندنەکانییەوە لەگەڵ سەرنووسەراندا، پەیوەندیی بەردەوامی بەبازاڕەوە هەبوو. ستراتیژییەکانی ئەو: وێرانکردنی کەسایەتی (موسە)، کۆپیکردنەوە (هۆگۆ). لەوانەیە بودلێر یەکەم کەس بووبێت ئایدیای جۆرە ڕەسەنایەتییەکی گونجاوی لەگەڵ بازاڕدا خستبێتەڕوو، ئەمەش ئایدیایەک بوو هەر لەبەرئەمە لەو ڕۆژگارەدا لە هەر ئایدیایەکی دیکە ڕەسەنتر بوو ( creer un poncif – داهێنانی بەرهەمێکی ئاستنزم و لەمۆدکەوتوو). ئەم ***خولقاندنە*** جۆرە نالێبوردەییەکی هەڵگرتبوو. بودلێر دەیویست شوێنێک بۆ شیعرەکانی بکاتەوە و بۆ ئەم کارەش، ناچار بوو ئەوانیدیکە لەسەر ڕێگاکەی لابەرێت. ئەو لەڕێگای بەکاربردنی کلاسیکییانەی [فۆرمی شیعری]ی ئەلێکساندەرییەوە[14]، هەندێک لە ئازادییە شیعرییەکانی ڕۆمانتیکەکانی بێبەها کرد و لەڕێگای گونجاندنی سرەوتن یان وەستانەکان و مەودا تایبەتەکانی خۆیەوە، لەناوەوەی خودی شیعری کلاسیکدا، توانی بۆتیقای کلاسیکگەرایی بێبەها بکات. بەکورتی، شیعرەکانی ئەو دەروازەیەکی ئامادەکاریی تایبەت بوون بۆ نەهێشتن و لەسەر ڕێگا لابردنی نەیارەکان.

14 شیعری دوانزەبڕگەیی (شەش ڕوکنی).

ڕووخساری بودلێر ڕۆڵێکی دیاریکەر و یەکلاییکەرەوەی لە بەناوبانگبوونی ئەودا هەیە. حیکایەتی ئەو بۆ زۆرینەی خوێنەرانی وردەبۆرژوازی، وەک جۆرە پۆستەرێکی ئیپینالی[15] ( Imaged d'Epinal، پۆستەری هەندێکجار ئاییني سانتیمانتاڵ و سۆزگەرایی) بوو، کورتە مێژووی وێنەداری "ژیانی هەرزەکارێک". ئەم وێنەیە بەشدارییەکی گەورەی لە ناوبەدەرکردنی بودلێردا هەبووە – ئەگەرچی ئەو کەسانەی برەویان بەم وێنەیە داوە، زۆر لە ڕیزی هاوڕێکانی ئەو نەبوون. وێنەیەکی دیکە کەوتە سەر ئەم وێنەیەوە، کە ئەگەرچی برەوێکی کەمتری هەبوو، بەڵام لەوانەیە، ڕێک بەم هۆیەوە بێت، کە کاریگەرییەکی زیاتری لەدوای خۆیەوە بەجێهێشت: بودلێر لەم وێنەیەدا وەک هەڵگر و لایەنگری ئەو جۆش و خرۆشە جوانیناسییە دەردەکەوێت، کە کیرکەگارد لە دەوروبەری ئەو قۆناغەدا دایڕشت و خستییەڕوو (لە کتێبی ***یان ئەم یان ئەودا***). هیچ لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بودلێر، بەبێئەوەی خۆی لەگەڵ وێنەی ژیانی ئەودا خەریکبکات، ناتوانێت هێزێکی زیندوو لە بابەتەکەی خۆیدا بدۆزێتەوە. بەڕاستی خەسڵەتی جیاکەرەوەی ئەم وێنەیە لەوەدا بوو، کە ئەو یەکەم کەس بوو بە داهێنانەترین شێواز لەوە تێگەیشت، بۆرژوازی دەیەوێت پەیماننامەی خۆی لەگەڵ شاعیردا

[15] ئیپیناڵ یەکێکە لە شارەکانی فەڕەنسا کە بەهۆی بەرهەمهێنانی تابلۆی توند و ئارامکەرەوەی ئایینییەوە بەناوبانگە.

هەڵبوەشێنێتەوە. کام پەیماننامەی کۆمەڵایەتی دەیتوانی ببێتە جێگرەوەی ئەو [پەیماننامەیە]؟ ناتوانین ئەم پرسیارە لە هیچ چینێک بکەین؛ ئەوە تەنیا بازاڕ و قەیرانەکانی بوو، دەیانتوانی وەڵامبدەنەوە. سەرقاڵبوونی بودلێر بە خواستە ڕاشکاو و کورتماوەکانەوە نەبوو، بەڵکو بە خواستی ناوەکی و درێژماوەکانەوە بوو. ***گوڵەکانی ئازار*** ئەوە دەسەلمێنێت، کە هەڵسەنگاندن و خەمڵاندنی ئەو [بودلێر] بۆ ئەم خواستە ڕاست و دروست بوو. بەڵام میدیا یان نێوانگریی بازاڕ، کە ئەم خواستە خۆی لەوێدا بۆ بودلێر دەردەخست، جۆرە مۆدێلێکی بەرهەمهێنان و مۆدێلێکی ژیانی دەسەپاند، کە جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ مۆدێلەکانی شاعیرانی پێشوودا هەبوو. بودلێر ناچار بوو بانگەشە بۆ شان و شکۆیەکی شاعیر لە کۆمەڵگادا بکات، کە چیتر نەیدەتوانی هیچ جۆرە شان و شکۆیەکی دیکە ببەخشێتەوە. هەر لێرەوەیە گاڵتەجاڕییەکانی ئەو چاوەڕوانی دەرکەوتن دەکەن.

## 13

ئەوە بەهۆی بودلێرەوەیە، بۆ یەکەمجار شاعیر بەئاشکرا بانگەشەی بەهایەکی نمایشی [بەرهەمی ئەدەبی] دەکات[16]. بودلێر خۆی

---

[16] مەبەستی بنیامین ئەوەیە کە بەرهەمی هونەری بۆ یەکەمجار لە خەرمانەی زێڕین ڕزگاریدەبێت و دەکەوێتە بەردەمی خەڵک و جەماوەرەوە، واتا چیتر بەرهەمی هونەری هی چینی بۆرژوازی یاخود کڵێساکان نییە، بەڵکو هی هەموو خەڵکە و دەبێتە وزەیەکی شۆڕشگێڕی لەساتی بڵاوبوونەوەیدا بەناو جەماوەردا، ئەم تێزەش زۆر بە وردیی لە

بەڕێوەبەری بەرنامەکانی خۆی بوو. ***ونکردنی خەرمانەی زێڕین*** پێش هەر شتێک دەگەڕێتەوە بۆ شاعیر خۆی. هەر لێرەوەیە شێتیی زیادەڕەوییکردن (mythomania)ی ئەو.

ڕێسا فەخرفرۆشییەکان کە بەهۆی ئەوانەوە پرەنسیپی ***هونەر بۆ هونەر*** – نەک تەنیا لەلایەن لایەنگرانی سەرەتای ئەم پرەنسیپەوە، بەڵکو زیاتر لە هەرشتێک لەلایەن مێژووی ئەدەبیاتەوە (باس لە لایەنگرانی هەنوکەیی ئەم پرەنسیپە ناکەین) – دەردەبڕدرێت و دەخرێتەڕوو، بەشێوەیەکی پوخت لەم دەربڕینەدا کورتدەکرێتەوە: هەستیاری (Sensibilitat) سوبێکتی ڕاستەقینەی شیعرە. ئەگەر هەستیاریی ئاستی بالای کۆنکرێتی و دەولەمەندترین خەسلەتی خۆی لە بواری ئیرۆتیکدا ئەزموونبکات، ئەوا بەناچاری دەبێت تەواوێتیی موتلەقی خۆی، کە لەگەڵ فۆرمگۆڕینەکەیدا دەگونجێت، لەچوارچێوەی حەماسەت و هەڵچووندا (passion) بدۆزێتەوە. بۆتیقای ***هونەر بۆ هونەر*** ڕاستەوخۆ بەنێو دڵی حەماسەت و جۆش و خرۆشی شیعریی ***گوڵەکانی ئازار***دا تێپەڕدەبێت.

---

وتارە بەناوبانگەکەی بنیامیندا "بەرهەمی هونەری لەسەردەمی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی میکانیکیدا" خراوەتەڕوو و کاری لەسەر کراوە. ئەم وتارە لەلایەن منەوە لەگەڵ چەند وتارێکی دیکەی بنیامیندا کراوە بەکوردی و لەداهاتوویەکی نزیکدا، لەفۆرمی کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاودەبێتەوە.

تاکە تاکەی وەستاندن و سرەوتنەکانی لێدانی کێوی قوربانیکردن[17] بەهۆی ڕازاندنەوەی گوڵەکانەوەیە. ئەمانەن ***گوڵەکانی خراپە***.

ئەوەی مەبەست و نییەتی تەمسیلی دەگەڕێتەوە بۆی، لەڕاستیدا لە باگراوند و سیاقە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەوە هەڵکەنراوە و جیاکراوەتەوە: ئەم شتەش لێرەدا تێکدەشکێت و دەپارێزرێت. تەمسیل بەتوندیی بەرد دەگرێتە دەرگای وێرانەکان. هەوڵ و تەقەلای وێرانکەرانەی بودلێر، لە هیچ شوێنێکدا بریتی نییە لە ڕەتکردنەوەی ئەو شتە کە بۆ ئەو ڕوودەدات.

وەسفکردنی پەرێشانی هەمان وەسفی کەسی پەرێشان و ئاڵۆز نییە.

"ژیان چاوەڕوانیکردنە" – ئەمە قسەی ڤیکتۆر هۆگۆی حیکمەتی دوورخراوەییە.

***خاپووربوون و تەریکبوون***(desolation)ی نوێی پاریس (بەراوردیبکەن بە بڕگەی پەیوەست بە croquet-morts)[18] لەئاستی ڕەهەندێکی زاتیدا هەنگاو بەرەو وێنەی ***مۆدێرن*** هەڵدەنێت. (بەراوردی بکەن بە Vel=uillot D2,2).

---

[17] مەبەست لەو کێوەیە کە مەسیحی لەسەر لەخاچدرا، ئەمەش بەنزیکەیی، هەمان ئەو دەربڕینەی کارڵ مارکسە کە دەڵێت ئەوە گوڵەکانی سەر زنجیرەکانن، کە ناهێڵن زنجیر و کۆت و بەندەکان ببینین، وەرن با گوڵی سەر زنجیرەکان لابەرین، بۆ ئەوەی جەوهەری ڕاستەقینەی زنجیرەکان ببینین (وەرگێڕ).

[18] ئاماژەی بنیامینە بە کۆتایی وتاری هۆڵی 1846ی بودلێر.

## 14

ڕووخساری ژنی لیزبیان (هاوڕەگەزباز) بە مانای وردی وشەکە، یەکێکە لە مۆدێلە پاڵەوانییەکانی نێو شیعری بودلێر. ئەو خۆی دەقاودەق لە زمانە شەیتانییەکەیدا ئاماژە بەم خاڵە دەکات. ئەم شتەش بەم ڕادەیە لە زمانی نامیتافیزیکی و زمانی ڕەخنەیی ئەودا بەئاسانی دەرکدەکرێت، زمانێک کە ئەو تیایدا پابەندبوونی خۆی بە "***مۆدێرن***" بە مانای تەواو سیاسیی وشەکە ڕادەگەیەنێت. سەدەی نۆزدە بەئاشکرا و بەبێ هیچ پەردەیەک، دەستیکرد بە گونجاندنی ژن لەنێو پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاڵاییدا. هەموو تیۆریزەکەران هاوڕاییان لەسەر ئەم شتە هەبوو، کە ئەم پرۆسەیە خەسڵەتی ژنانەیی تایبەتی ژنان دەخاتە مەترسییەوە و بەتێپەڕینی کات، نیشانەکانی پیاوانەیی بەزەروورییی لە ژناندا دەردەکەوێت. بودلێر ئەم نیشانانە پشتڕاستدەکاتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا دەیەوێت ئەمانە لەژێر چنگ و هەیمەنەی ئابووری دەربهێنێت. ئەو ڕەنگوبۆ ڕەگەزییە بێگەردەی بودلێر بەم شێوەگۆڕکێیەی ژنی دەبەخشێت، هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. مۆدێلی ژنی لیزبیان نیشانەی ناڕەزایەتیی "***مۆدێرن***"ـە دژی گەشە و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا. (دەستنیشانکردنی ئەم خاڵە زۆر زەروورە، کە ڕیشەی دژایەتیکردن و ڕقبوونەوە لە جۆرج سان[19] دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سیاق و زەمینەیە).

---

[19] Georg Sand

ژن لای بودلێر: بە بەهاترین دەستکەوت لە "سەرکەوتنی تەمسیل"دا – ئەو ژیانەی ئاماژە بۆ مەرگ دەکات. ئەم چۆنایەتییە بەدانەبڕاوترین شێوە هی سۆزانییە. ئەمە تاقانە شتێکە لەودا، کە بۆ کڕین نابێت و ئەمەش بۆ بودلێر گرنگترین خاڵە.

## 15

وەستاندنی ڕەوتی جیهان – ئەمە قووڵترین داوا و خواستی بودلێر بوو. یوشەعیش هەر ئەم خواستەی هەبوو. هەڵبەت هێندەش خواستی یەکێک لە پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیل نەبوو؛ چونکە ئەو بەهیچ جۆرێک بیری لە گۆڕان نەدەکردەوە. لەنێو دڵی ئەم خواستەوە، توندوتیژیی ئەو، بێئۆقرەیی ئەو و توڕەیی ئەو دەرکەوت و هەروەها هەوڵ و تەقەلا دووبارەکانی ئەو بۆ لێدانی نوکی تیژی خەنجەر لە دڵی جیهان یان لایلایەکردن بۆ خەولێخستنی. بەهۆی ئەم خواستەوە بوو، ئەو هاوڕێیەکی بۆ مەرگ پەیدا کرد: هاندان و دڵگەرمییەک بۆ کاری مەرگ.

دەبێت ئەوە قبوڵبکەین، کە ناتوانین بە هەوڵ و تەقەلای بەرنامە بۆدارێژراو یان ئامانجدار بەو بابەتانە بگەین، کە کرۆکی سەرەکیی شیعری بودلێر پێکدەهێنن: لەمڕووەوە ئەو خودی ئەم بابەتە سەرتاپا جیاوازانە – میترۆپۆلیس، جەماوەر - ناکاتە ئامانجی خۆی. ئەو ئاوازەی ئەو دەیەوێت و بیری لێدەکاتەوە، ئەمانە نییە. بەڵکو

بەپێچەوانەوە، ئەم ئاوازە لەنێو ساتانیزم (شەیتانگەرایی) و ***وەڕسی*** و ***ئیرۆتیزم***ی بەلارێدابراودا ئامادەیی هەیە. دەبێت لەو شوێنانەدا بابەتە حەقیقییەکانی ***گوڵەکانی ئازار*** بدۆزینەوە، کە هێندە بەرچاو نین و بەباشی نابینرێن. ئەگەر بمانەوێت شوێنپێی ئەم وێنەیە هەڵبگرین، دەبێت بڵێین ئەم بابەتانە هەمان تارە پێش لەمسنەکراوەکانی ئەو ئامێرەی سازن، کە پێشتر هەرگیز دەنگیان نەبیستراوبوو، کە بودلێر لەسەر ئەم سازە خەیاڵ و فەنتازیای خۆی بونیاد دەنا.

## 16

تولەڕێگا (لایبرینت)، ڕەوتی دروستی ئەو کەسانەیە، کە هەمیشە بەڕادەیەکی گونجاو زوو بە ئامانجی خۆیان دەگەن. بازاڕ بریتییە لەم ئامانجە.

قومارکردن، پیاسەکردن، کۆکردنەوە (کۆلیکسیۆن) – کۆمەڵە چالاکییەکن دژی ***وەڕەسی*** هاتوونەتە ئاراوە.

بودلێر ئەوە دەردەخات، کە بۆرژوازیی لە ساتی کەوتن و لەناوچوونیدا چیتر ناتوانێت ڕەگەزە دژەکۆمەڵایەتییەکان ڕابکێشێت و ئاوێتەیان بکات. کەی ***گاردی نەتەوەیی*** هەڵوەشایەوە؟

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ پرۆسە تازەکانی بەرهەمهێناندا کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کاڵا ساختەکان، دەرکەوتە (appearance) لەچوارچێوەی کاڵاکاندا دزەدەکاتە ناوەوە و دەدرەوشێتەوە.

بۆ مرۆڤەکانی ئەمڕۆ، تەنیا یەک شتی سەرتاپا نویێ بوونی هەیە – کە هەمیشە هەر یەک شتە: مەرگ.

بێئۆقرەیی بە بەردبوو، لە هەمانکاتدا بریتییە لە فۆرمولی کورتەمێژووی ژیانی بودلێر، کورتەمێژوویەک کە هیچ گەشە و وەرچەرخانێک ناناسێت.

17

دیاردەی جەماوەر یەکێکە لەو ***ڕاز و ڕەمزانەی*** لەشفرۆشی، کە تەنیا بەهۆی دەرکەوتنی میترۆپۆلیسەوە توانی ببێتە خاوەنی. لەشفرۆشی، ئیمکان و ئەگەری جۆرە هاوبەشی و بەشدارییەکی ئەفسانەیی لەگەڵ جەماوەردا دەستەبەردەکات. بەڵام دەرکەوتنی جەماوەر هاوزەمانە لەگەڵ فرە-بەرهەمهێناندا. لەهەمانکاتدا، لەشفرۆشی بەڕواڵەت ئەگەر و توانای تەحەمول و بەرگەگرتنی ژیانێک دەخاتە بەردەستمان، کە تیایدا، ئۆبێکت و کەرەستە تایبەتیترینەکانی بواری مەسرەف و بەکاربردنی ئێمە [مەبەست پەیوەندی و تێکەڵبوونی سێکسی] زیاتر لە پێشوو گۆڕاون بۆ دەستکەوتەکانی فرە-بەرهەمهێنان. لە لەشفرۆشیی تایبەت بەشارە گەورەکاندا، ژن خۆی دەکات بە کەرەستەیەکی کاڵای فرە-بەرهەمهێنان. ئەمە هەمان خەسڵەتی سەرتاپا تازەی ژیانی ئەو



هەواڵنامەی کتێب

شارەیە، کە دەلالەتە لەسەر قبوڵکردنی بودلێریی ڕێچکەی ئایینیی گوناهی یەکەم و مانا ڕاستەقینەکەشی دەبەخشێت. بەدیدی بودلێر، ئەم کۆنترین چەمکە بەڕادەیەکی گونجاو تاقیکردنەوەکەی ئەنجامداوە، کە بتوانێت دیاردەیەکی سەرتاپا نوێی پەرێشانکەر ڕوونبکاتەوە.

تولەڕێگا (باریکەڕێگا) خانە و لانەی کەسی دڕدۆنگ و دوودڵە. ئەو ڕێگایەی مرۆڤ بە گومان و دوودڵی و ترسەوە تەیدەکات، بۆئەوەی بە ئامانجەکەی خۆی بگات، ئەوا زۆر بەسادەیی لە تولەڕێگایەک دەچێت. پاڵنەریش (drive) لە قۆناغەکانی کۆتایی تێربوونی خۆیدا هەر بەمجۆرە دەجوڵێتەوە. بەڵام ئەو کردارەی مرۆڤایەتی (چینێک)یش هەر بەمجۆرەیە کە نایەوێت بزانێت چارەنووسەکەی بەرەو کوێی دەبات.

ئەگەر ئەو شتەی پەیوەندییەکان بۆ یادەوەری دەردەخات، بریتی بێت لە فەنتازیا و خەیاڵ، ئەوا بەناچاری بیرکردنەوە ئەو شتەیە، کە تەمسیلەکان دەخاتە خزمەتی یادەوەرییەوە. ئەمە یادەوەرییە فەنتازیا و بیرکردنەوە بەرەو لای یەک دەبات.

18

یەکێک لە نیشانەکانی ماخولیا کێشکردنی موگناتیسییە، کە ژمارەی بارودۆخە بنچینەییەکان، بەردەوام بەسەر شاعیردا پیادەیدەکەن.

خەیاڵ و فەنتازیای بودلێر وێنە کلێشەییەکانی دەناسی. پێدەچوو ئەو بەگشتی بەدەست ئەم ناچاربوون و ئیجبارییە ئازاری چەشتبێت، کە لانیکەم بۆ جاریکیش بگەڕێتەوە سەر هەریەکێک لە مۆتیڤ و کرۆکەکانی خۆی. بەڕاستی دەتوانین ئەمە بەراوردی ناچاریی و جۆرە ئیجبارییەک بکەین، کە هەمیشە کەسی تاوانبار دەگەڕێنێتەوە سەر سەحنەی تاوانکردن. تەمسیلەکان هەر ئەو مەیدانانەن، کە بودلێر تیایاندا کەفارە لەپێناو ***پاڵنەری وێرانکەری*** خۆیدا دەدات. ڕەنگە هەر ئەم شتە گونجانێکی تاقانە شیبکاتەوە، کە زۆرێک لە بڕگە پەخشانییەکانی ئەو دەبەستێتەوە بە هەندێک لە شیعرەکانی ***گوڵەکانی ئازار***ـەوە.

هەڵەیەکی زەق و بەرچاوە ئەگەر هەوڵ (بەستایلی لۆمەتری[20]) بۆ بڕیاردان لەسەر هێزی بیرکردنەوەی بودلێر بە گەڕانەوە بۆ پەراوێزنووسییە فەلسەفییەکانی ئەو بدەین. بودلێر فەیلەسوفێکی هەژار و تیۆریزەکەرێکی دەوڵەمەند بوو، بەڵام ئەوە تەنیا وەک ***بیرمەندێکی وێڵ و عەوداڵ*** [Grubler] بوو کە بێوێنە بوو. ئەو هەڵگری تایبەتمەندییەکانی ئەمجۆرە بیرمەندەیە: چۆنایەتیی کلێشەیی (stereotype) و دووبارەبووەوەی کرۆک و مۆتیڤەکانی، پاکێتی و توانای لە لابردنی هەموو جۆرەکانی بەربەست و زەحمەتییەکان و ئامادەیی بەردەوامی بۆئەوەی وێنە بخاتە خزمەتی بیرکردنەوەوە.

[20] Jules Lemaitre (1853–1914)

بیرمەنـدی ویـڵ و عەودالّ، وەک جـۆرە بیرمەنـدێک کە خەسـڵەتێکی جیاکەرەوەی مێژوویی هەیە، ئاشنا و خانەخوێی تەمسیلەکانە.

لای بـودلێر لەشفرۆشـی خـومرە و هەوێنـێکە، دەبێـتە هـۆی ئەوەی فرەیـی جەمـاوەری میترۆپـرۆلیس لە خەیاڵـدان و فەنتازیـای ئەودا سەرهەڵبدات.

19

شکۆمەندیی مەبەستی تەمسیل: وێرانکردنی [شتی] ئۆرگانی و زیندوو – سـڕینەوە و ڕەشـکردنەوەی دەرکەوتە ( Ausloschung des Scheins). دەبێـت بچیـنە سـەر ئەو بـڕگە بەڕاسـتی دیـارەی، کە بەهـۆیەوە بـودلێر دەربـارەی ویـڵ و ئەفسـوونی خـۆی بـۆ سـیاقی بەتـابلۆکراوی سـەکۆی شـانۆ دەنووسـێت. چاوپۆشـین لە سـیحری مەودا (magic of distance)، ڕەهەنـدێکی بەرچـاو و یەکـالاکەرەوەی نـاو شـیعری بـودلێرە. ئەم شـتە لەیەکەم بـڕگەی ***[شیعری] سەفەر*** (Le Voyage)دا بەباشترین شێوە پۆلێنبەند کراوە.

لەپەیوەندیدا بە ڕەشکردنەوەی دیاردەدا "خۆشەویستیی بۆ درۆ".

"شـــەهیدبوون" و "مەرگـــی عاشـــقان" – نەخشـــەی فەزای نـــاوەوە بە ستایلی هانس ماکارت[21] و ***ستایلی لاوان***.

هەڵکەندنی شتەکان لە زەمینەی پەیوەندییە هەمیشەییەکانیاندا – کە بریتییە لە دۆخی ئاسایی کاڵا نمایشکراوەکان – خەسڵەتێکی تەواو تایبەتە بە بودلێر. ئەم شتە پەیوەندیی بە وێرانکردنی زەمینە و سیاقە ئۆرگانییەکانەوە هەیە، لە چوارچێوەی مەبەستی تەمسیلیدا. بگەڕێنەوە بـۆ کـرۆک و مـۆتیڤی سروشـت لە بڕگەکـانی 3 و 5ی شـیعری "شەهیدبوون" یان یەکەم بڕگەی "مادریگالی خەفەتبار"دا.

دەرئەنجـامگیری و هەڵێنجـانی خەرمـانە وەک خستنەسـەر و پرۆجەکشنی ئەزموونێکی کۆمەڵایەتیی ئینسان بۆ مەیدانی سروشت: نیگای زەق وەڵامدەدرێتەوە [و دەگەڕێتەوە].

لەدەستچوونی دەرکەوتە (یان بێ دیاردەیی) و لەناوچوونی خەرمانە، هەردووکیـان دیـاردەیەکی یەکسـانن. بـودلێر ئامادەکـاریی هـونەریی تەمسیل دەخاتە خزمەتی ئەمانەوە.

وێنای بودلێر بۆ ئاوسبوون (سکپڕبوون) وەک نەیاریی بێویژدانانە خۆی بەشێکە لەو ڕەوتەی تیایدا سێکسواڵیتەی نێر دەبێتە قوربانی.

ئەو ئەستێرانەی بودلێر لە جیهانی خۆی دووریخستنەوە، بۆ بلانکی بوون بە سەکۆی شانۆ و بینینی گەڕانەوەی ئەبەدی.

---

[21] Hans Makart (1840–1884)

## 20

جیهانی شتەکان (یان ئۆبێکتەکان)ی مرۆڤ بەشێوەیەکی هەرچەند بێباکتر، ڕووخساری کاڵا بەخۆیەوە دەگرێت. هاوزەمان، ڕیکلام هەوڵدەدات خەسڵەتی کاڵایی شتەکان بشارێتەوە. ئەوەی بەرانبەر بەم گۆڕانە فریودەرانەیەی جیهانی کاڵایی دەوەستێتەوە و بەرهەڵستیی دەکات، کۆنبوون و لەمۆدکەوتنی ئەم جیهانەیە لە فۆرمی تەمسیلیدا. کاڵا دەیەوێت ڕووبەڕووی خۆی ببێتەوە. کاڵا ستایشی بەرجەستەبوونی ئینسانیی خۆی لە فۆڕمی سۆزانیدا دەکات.

دەبێت ئەرک و وەزیفەی تەمسیل لە ئابووریی کاڵاییدا باسبکرێت. کارەکەی بودلێر دەرخستنی خەرمانەی تایبەت بەکاڵاکان بوو. ئەو هەوڵیدا بەشێوەیەکی پاڵەوانانە کاڵا بەئینسانی بکات. نزیکیی ئەم هەوڵە جۆرە هەوڵێکی بۆرژوازیی هاوزەمان بوو بۆ بەشەخسیەتکردنی کاڵا بەستایل و سیاقێکی سەنتیمانتاڵ و سۆزگەرایی. بۆ کاڵا، هەروەک بۆ ئینسان، پەیداکردنی ماڵێک. ئەو ئامرازانەی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنران، بریتین لە بەرگەکان (کەڤەرەکان)، کیفەکان (sheaths) و ئەو سندوقە بچووکانەی بریتی بوون لە بەرگە داپۆشەرەکانی پێداویستییەکانی ماڵەوەی بۆرژوازیی ئەو سەردەمە.

تەمسیلی بودلێری – دژی تەمسیلی بارۆک – ئەو شوێنپێیانەی تووڕەیی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کە زۆر پێویستە بۆ دزەکردنە ناوەوەی ئەم جیهانە و وێرانکردنی دەستکەوتە هارمۆنی و هەماهەنگەکانی.

لای بودلێر، پاڵاوانانە، دەرکەوتنی باڵای شەیتانیانەیە، لەکاتێکدا ***وەڕسی*** دەرکەوتە ئاستنزمەکەیەتی. بێگومان دەبێت ئەم کاتیگۆرییە "جوانیناسانە"ییانەی ئەو کەشفبکرێن. ناکرێت ئەمانە بەوجۆرە قبوڵبکرێن – پەیوەندیی پاڵەوانانە بە سەردەمی کۆنی لاتینییەوە.

## 21

شۆک وەک پرەنسیپێکی شیعریی لای بودلێر: دەستەواژەی ***شمشێربازیی فەنتاستیک***، لەنێو کۆمەڵەی ***تابلۆ پاریسییەکان***دا، وێنەی شارێک دەکێشێت، کە چیتر ماڵ، یاخود شوێنی لەدایکبوون نییە. ئەم شارە شوێنێکە بۆ نمایش و سەرتاپا [شوێنێکی] بێگانە و نامۆیە.

چۆن دەشێت بەباشی وێنەی میترۆپۆلیس بکێشرێت، لەکاتێکدا ژمارەی مەترسییە فیزیکییەکانی بەڕادەی ناکامڵبوونی لەپێڕستەکەی بودلێردا، ئەویش ناکامڵە؟

کۆچ وەک کلیلێک بۆ ناو میترۆپۆلیس.

بــودلێر هەرگیزاوهەرگیــز شــیعری دەربــارەی لەشفرۆشــی وەک لەشــفرۆش نەنووســی (بەراوردی بــکەن بە ***کتێبــی ڕێنمــایی بــۆ دانیشتووانی شارەکان***[ی بێرتۆلد برێخت][22]).

تەنیایی بودلێر و تەنیایی بلانکی.

فیزیۆنۆمیی(ڕووخسارناسـی) بـودلێر وەک فیزیۆنـۆمیی هونەرمەنـدی پانتۆمیم[23].

دەبێــت ***شــەکەتیی*** بــودلێر لە نێــو ســیاقی "جــۆش و خرۆشــە ئێستاتیکی"یەکەیدا دەربخەین.

خووعــــادەتی شــــەڕانگێزانەی بــــودلێر، بەشــــێکە لە خەســــڵەتی وێــرانکەرانەی ئەو. کاتێــک لە ئەســڵی مەســەلەکە نزیکــدەبینەوە، کە تێــبگەین لەم هێرشــە توڕەییەشــدا دەســت و پەنــجە لەگەڵ جــۆرە "بەشبەشکردنی بێگانەی زەمەن"دا نەرمدەکەین.

مۆتیــڤ و کرۆکــی بنچینەیــی ***ســتایلی لاوان،*** هەمــان شــێوەگۆڕکێی نەزۆکییە. وێنەی جەستە لەچوارچێوەی ئەو فۆڕمانەدا دەکێشرێت، کە لەپێشەوەی قۆناغی گەشەکردنی سێکسوالییەوەن (قۆنـاغی بـاڵغبوونی جنســی). دەبێــت ئەم ئایــدیایە ببەســتینەوە بە ئایــدیای تەفســیری سەرکوتکەرانەی تەکنەلۆژیاوە.

[22] ئەم کتێبەی بێرتۆلد برێخت بەو شەرحەی بنیامین بۆی نووسیوە لەلایەن منەوە کراوە بەکوردی و لە ژمارەکانی داهاتووی بڵاوکراوەی شیعردا بڵاودەبێتەوە.
[23] تەقلیدکردنەوە یاخود نمایشی بێدەنگ بەتایبەت بەماسکەوە.

عەشـقی ژنـی لیزبیـان، بە مەعنەویبـوون (یـان بەڕۆحـانیبوون) تـا قوولاییی زێی ژن دەباتە پێشـەوە و ڕێک لەوێدا ئـالای سپی عەشقی "بێگەرد" هەڵدەکات، عەشقێک نە دووگیانبوون دەناسێت و نە ئاشنایە بە خێزان.

لەوانەیە بکرێت لە بەشی یەکەمدا خەریکی ڕوونکردنەوەی ناونیشانی "***بەرزەخەکان***" بین، بۆئەوەی لەم ڕێگایەوە هەر بەشێک شەرحێکی بۆ یەک ناونیشان هەڵگرتبێت: ناونیشانی "les lesbiemmes" لە بەشی دووەم و ***گوڵەکانی ئازار*** لە بەشی سێیەمدا.

## 22

ناوبـانگی بـودلێر، بەپێچەوانەی بـۆ نمـوونە ناوبـانگی دواتـری ڕامبـۆ، تائێسـتا بەهـیچ جۆرێـک ***دانەبەزیـوە،*** یـان کەم نەبـووەتەوە، یـاخود ئێکسـپایەر(expiry) نەبـووە. ئەو قورسـی و سـەختییە نائاسـاییەی لەکاتی نزیکبوونەوە لە کرۆک و دڵـی شـیعری بـودلێردا دەردەکەوێت، دەکرێت لەم فۆڕمولەدا پوختبکرێتەوە: لەم شـیعرەدا هـیچ شـتێک کۆن و ڕەتکراوە و بەسەرچوو نییە.

مـۆرک و نیشـانەی پاڵەوانپەرسـتی لای بـودلێر: ژیـان لەنێـو دڵـی نـاواقیعییەت(ی دیـاردە)دا. خـاڵی پەیوەسـت بەم شـتەوە ئەوەیە، کە بودلێر هیچ شتێکی لەسەر نۆستالژیا نەدەزانی. کیرکەگارد!

شیعری بودلێر شتی نوێ لەنێو دڵی شتی هەمیشە یەکساندا ئاشکرا دەکات و شتی هەمیشە یەکسانیش لەنێو دڵی شتی نوێدا [دەردەخات].

دەبێت بەوپەڕی دەسەڵات و هێزەوە ئەم خاڵە پیشانبدەین، کە چۆن ئایدیای گەڕانەوەی ئەبەدی بەڕادەیەک بەشێوەیەکی هاوزەمان لەنێو جیهانەکانی بودلێر، بلانکی و نیچەدا دەردەکەوێت. لای بودلێر سووربوونە لەسەر شتی نوێ کە بەهەوڵ و تەقەلای قارەمانانەوە لەنێو دڵی شتی "هەمیشەیەکسان"ـەوە دەردەهێنرێت، لای نیچە سووربوونە لەسەر شتی "هەمیشەیەکسان" کە مرۆڤ بە جۆش و خرۆشێکی پاڵەوانانەوە ڕووبەڕووی ئەو شتە دەکاتەوە. بلانکی کەمێک لە نیچە نزیکترە نەک بودلێر؛ بەڵام لە بەرهەمەکانی ئەودا، [ئەمە] زاڵبوونە بەسەر دوورکەوتنەوە و گۆشەگیریدا. لای نیچە، ئەم ئەزموونە لەئاستێکی گەردووناسیانە، لەم تێزەدا بەرجەستە دەبێتەوە: چیتر هیچ شتێکی تازە ڕوونادات.

23

بودلێر هیچ شیعرێکی نەدەنووسی، ئەگەر شتێکی زیاتری لەو پاڵنەرە ڕۆژانەییە نەبووایە، کە شاعیران بەگشتی بۆ نووسینی شیعر هەیانە.

دەبێت ئەم بەرهەمە وێنەی مێژوویی ئەو ئەزموونانە بخاتەڕوو، کە لەناوەوەی ***گوڵەکانی ئازار***دا هەن.

چەند تێبینییەکی دەقیق لەلایەن ئادریان مۆنییەوە[24]: خەسڵەتی بەدیاریکراویی فەڕەنسییانەی ئەو [بودلێر]: *la rogne* (بەدخوڵق یان میزاجی و دەمدەمی). ئەو وەک کەسێکی یاخی سەیری بودلێر دەکات: ئەو بەراوردی فارگ[25] دەکات: "دێوانە، هەڵشاخان دژی لاوازیی و سستیی خۆی، و ئاگادار و هۆشیاریش بەم کارە". ئەو باسی سیلینیش دەکات. Gauloiserie (گاڵتەجاڕیی ئینسانی هەرزەکار) خەسڵەتی فەڕەنسییانەی بودلێرە.

تێبینییەکی دیکە لەلایەن ئادریان مۆنییەوە: خوێنەرانی بودلێر پیاوانن. ژنان حەزیان لەبەرهەمەکانی ئەو نییە. بۆ پیاوان بودلێر نیشانەی وێنەی ***ڕەهەندی شەهوەتبازی*** غەریزەکانیان و لەهەمانکاتدا دەرچوونە لەو شتانە. ئەگەر بمانەوێت بڕۆینە پێشەوە دەبێت بڵێین، جۆش و خرۆش و شەیدایی بودلێر بۆ زۆرێک لە خوێنەران هەر

[24] Adrienne Monnier (1892–1955): شاعیر و کتێبفرۆشی فەڕەنسی، کە دوکانەکەی ببوو بە ناوەندی کەسایەتییە بەرجەستەکانی وەک ئەندرە ژید و پۆڵ ڤالێری و ماریا ڕیلکە و جەیمس جۆیس و ئەوانیدیکە.

[25] Leon-Paul Fargue (1876-1947)

لەژێر ئەم ڕۆشناییەدا دەردەکەوێت: کڕینەوە[26]ی هەندێک لە ڕەهەندەکانی ژیانی غەریزیی ئەوان.

مەسەلە سەرەکییەکە بۆ بیرمەندی دیالەکتیکی، هەڵکردنی بای مێژووی جیهانییە لە چارۆکەکانی خۆیدا. بۆ ئەو بیرکردنەوە واتا: ڕێکخستن و هەڵکردنی چارۆکەکانی. خاڵەکە گرنگەکە ***چۆنایەتیی*** ڕێکخستنی چارۆکەکانە. بۆ ئەو وشەکان خودی چارۆکەکانن. شێوازی ڕێکخستنیان، ئەوان دەکات بە چەمک.

## 24

ئەو دەنگدانەوە بەرچاو و بەردەوامەی ***گوڵەکانی ئازار*** لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ بەدەستیهێناوە، پەیوەندییەکی نزیکی بە ڕووی تایبەتی میترۆپۆلیسەوە هەیە، ئەو ڕووخسارەی بۆ یەکەمجار لەگەڵ بودلێردا دێتە ناو شیعرەوە. ئەمە هەمان ئەو ڕووخسارەیە، کە زۆر کەم لەلایەن هەمووانەوە چاوەڕواندەکرێت. ئەوەی لەکاتی دەرکێشان[ی تارمایی] پاریس لە شیعری بودلێردا ڕوودەدات، هەمان لاوازی و ناسکی و شەکەتیی ئەم میترۆپۆلیسەیە. ئەم شتە ڕەنگە لە هیچ شوێنێکدا هێندەی شیعری "ئاوابوون [لەناوچوون]ی بەرەبەیان"دا بە

[26] ڕزگارکردن یاخود خستنەکۆڵی گوناهی کەسانی دی، هەروەک چۆن مەسیح گوناهی کەسانی دیکەی کڕییەوە و لەکۆڵی خۆی نا بە ئینگلیزی redemption و بە فەڕەنسی rachat (وەرگێڕ)

باشی دەرنەبڕدرابێت؛ ئەگەرچی خودی ئەم ڕووخسارە کەم تازۆر لەنێو هەموو شیعرەکانی ***تابلۆ پاریسییەکان***دا هاوبەشە؛ ئەم ناوەڕۆک یان مۆتیڤە بەهەمان ڕادە لە وێنەی جادوویی شیعری "خۆر" لە شەفافییەت و ڕوونی شارێکدا دەردەکەوێت، کە بەو ڕادەیەش لە هەستی پڕناکۆکیی شیعری "خەونی پاریسی"دا دەبینرێتەوە.

بونیاد و بناغەی ژیانی بەرهەمهێنانی بودلێر هەمان گرژیی نێوان هەستیاریی بەتەواوی بەهێزبوو و قوڵبوونەوەی بەتەواوی شاراوە و چڕکراوەیە. ئەم گرژییە بەشێوەیەکی تیۆریی لە ***ڕێچکەی پەیوەندییەکان*** و لە ڕێچکەی تەمسیلدا ڕەنگدەداتەوە. بودلێر هەرگیز بچووکترین هەوڵێنەدا بۆ دامەزراندنی هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم دوو فۆڕمەی ڕامانی تیۆرییدا، ئەو دوو فۆڕمەی هەردووکیان بەرزترین گرنگییان لەلای خودی خۆی هەبوو. شیعری ئەو لەنێو دڵی مامەڵەی نێوان ئەم دوو ئاڕاستەیەدا سەرهەڵدەدات، کە هەردووکیان ڕیشەیان لەنێو خووعادەتی ئەودا هەیە. ئەوەی لە هەنگاوی یەکەمدا سەرنجی وردی ڕۆیشتە سەر کارەکەی بودلێر (پیشمژا)[27] و لە شیعری پەتیدا درێژەی بەژیانی خۆی دا، هەمان ئاڕاستەی هەستیاریی بلیمەتیی ئەو [بودلێر] بوو.

---

[27] Ange Pechmeja (1819–1887)

## 25

بێـدەنگیی وەک خەرمـانە. مەتەرلینـک پەرەپێـدان و وەرچەرخـانی مەسـەلەی خەرمانەئاسـا (auratic) تـا دواسـنووری بێمانـایی دەبـاتە پێشەوە.

برێخت ئاماژەی بەم خاڵە کرد: لای قسەکەران بەزمانە ڕۆمییەکان، پاڵاوتنی فەزای هەستەکی، هێزی دەرککردن ناهێنێتە خوارەوە. بەڵام بـۆ ئەڵمانەکـان، پـاڵاوتنی هەسـتەکان و فراوانکردنـی کولتـووری چێژوەرگـرتن هەمیشـە بەنرخـی کردنەقوربـانی هێـزی تێگەیشـتن بەدەستدێت. توانای چێژوەرگرتن ئەو شتەی لە مەیدانی هەستیاریدا بەدەستیدەهێنێت، لە مەیدانی چڕبوونەوە [ی شیعریدا] لەدەستیدەدات. هەر ئەم تێبینییانە دەربارەی بۆنی هەوێنی شـەراب ( odour of the casks) لەنێو *le vine de chiffoniers* (شـەرابی کەناسـەکان)دا دەبینرێتەوە.

تێبینییەکەی خوارەوە لەمەش گرنگترە: توانا و پاڵاوتنی هەستەکی و بەرجەستەی کەسێکی وەک بودلێر، پەیوەندیی بەهیچ فۆڕمێکی فەزای گەرم و گیانی بەگیانییەوە نییە: ئەم نەگونجانەی پرەنسیپە بنچینەکانی نێوان چێـژی هەسـتەکی و ئەو شـتەی فەزای ئاسـوودە و کـراوە و گیـانی بەگیـانی پێـدەگوترێت، خەسـڵەتی بەرچـاو و یەکـلاکەرەوەی کولتـوورێکی هەسـتەکیی ڕاسـتەقینەیە. سـنۆبیزمی بـودلێر هەمـان فۆڕمولی نەناسراوە، بۆ ڕەتکردنەوەی پێداگرانەی هەمان فەزای گەرم

و کــراوه و "ساتانیزم"ــەکەشی[28] شــتێک نیــیە جــگە لە ئامــادەیی هەمیشـەیی ئەو، بۆ بریندارکردن و وێرانکردنی ئەم عـادەتە زەینییە، کە لە هەر سات و شوێنێکدا سەردەربهێنێت.

## 26

***گوڵەکانی ئازار*** تەنانەت بچووکترین نیشانەیەکیشیان هەڵنەگرتووە بۆ ڕوونکـردنەوەی پـاریس. هەر ئەوەنـدە بەسـە بـۆئەوەی بەشـێوەیەکی یەکـلاکەرەوە [گوڵەکـانی ئـازار] لە "شــیعری میترۆپــۆلیس"، واتــا قۆناغەکــانی دواتــر جیابکــاتەوە. بــودلێر دەنگــی خــۆی تێکەڵــی هەراوزەنــای شــار دەکــات، ڕێــک وەک ئەو کەســەی لەناوەڕاســتی هاتوهــاواری شــەپۆلەکاندا قســەدەکات. تــا ئەو شــوێنەی قســەکانی دەبیســترێت، زۆر ڕوون و ڕاشـکاوە. بەڵام ئەو شـتەی تێکەڵیـدەبێت، دەنـگەکەی خەفەدەکـات و نـوزەی لێـدەبڕێت. ئەم قسـەیە، تـێکەڵ بەم هاتوهاوارەی شەپۆل دەمێنێتەوە، هاتوهاوارێک کە ئەو دەنگە دەبـاتە پێشەوە و لەهەمانکاتدا مانایەکی تاریکتری پێدەبەخشێت.

Faits divers هەمان هەوێن و خومرەیەکە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی جەمــــاوەری پیــــاوانی میترۆپۆلیســــەکان لە خەیاڵــــدانی بــــودلێردا سەرهەڵبدەن.

---

[28] شەیتانگەرایی

ئەوەی لە ئەدەبیاتی لاتیندا، بەتایبەت لاتینی قۆناغی دواتر، بەمڕادەیە بـــودلێری بەرەو خــۆی کێشــکردبوو، لەوانەیە، بەڕادەیەک، هەمـــان شــێوازی بەکــاربردنی نــاوی خودایــان بووبێــت لە ئەدەبیــاتی ئەو قۆنـــاغەدا، بەکاربردنێــک کە پێشـــتر زیـــاتر تەمســـیلی بـــوو نەک ئەبســـتراکتی. ئەو تـــوانی لەم بـــوارەدا ڕەهەنـــدێک ئاشـــکرابکات، کە نزیکییەکی تەواوی لەگەڵ ڕەهەند و ئاڕاستەی خۆیدا هەبوو.

دژایەتیکردنـــی سروشـــت لەلایەن بـــودلێرەوە، زیـــاتر لە هەر شـــتێک، بـــریتییە لە نـــاڕەزایەتییەکی قـــووڵ دژی شـــتی "ئۆرگـــانی". سروشـــتی ئۆرگـــانی، بەراورد بە شـــتی نائۆرگـــانی، چۆنـــایەتیی ئـــامرازێکی تەواو ســـنووردار و بەرتەســـکی هەڵگرتـــووە. زۆر نـــاتوانین دەســـتمان بەم سروشتە بگات. بەراوردیبکەن بەم گەواهییەی کۆربە[29] کە [دەیگوت] بودلێر هەموو ڕۆژێک بەسەروسەودایەکی جیاوازەوە دەردەکەوێت.

## 27

ژێســـت (حـــاڵەت)ی پاڵەوانـــانەی بـــودلێر پەیوەنـــدییەکی ڕوون و ڕاشـــکاوی بە ژێســـتی نـــیچەوە هەیە. ئەگەرچـــی بـــودلێر پەیـــڕەوی کاتۆلیســـیزمە، بەڵام ئەزمـــوونی ئەو بۆ جیهـــان پەیوەنـــدییەکی دەقیقـــی بەو ئەزمـــوونەوە هەیە، کە نـــیچە لە چوارچێـــوەی ئەم دەســـتەواژەیەدا دەرکیپێکرد: خودا مردووە.

---

[29] Goustave Courbet (1819–1877)

ئەو سەرچاوانەی خۆراک بۆ ژێستی پاڵەوانانەی بودلێر دابیندەکەن، ڕیشەیان لەنێو قووڵترین بناغەکانی ئەو نەزمە کۆمەڵایەتییەدا هەیە، کە لە نیوەی سەدەی نۆزدەدا خەریکبوو خۆی سەقامگیر دەکرد. ئەم سەرچاوانە تەنیا بریتین لەو ئەزموونانەی سەرنجی بودلێریان بەرەو ڕووداني گۆڕانکارییە یەکلاکەرەوەکانی نێو هەلومەرجی بەرهەمهێناني هونەریی ڕاکێشا. ئەم گۆڕانکارییانە لەم واقیعەدا پوختدەکرایەوە، کە فۆڕمی کاڵایی لە بەرهەمی هونەریدا و فۆڕمی جەماوەریی لە بینەران/گوێگرانی بەرهەمی هونەریدا، بەشێوەیەکی تەواو ڕاستەوخۆتر و توندوتیژئاساتر لە هەر ڕۆژگارێکی دیکە دەردەکەوت. هەر ئەم گۆڕانانە بوون کە دواتر، هاوئاڕاستەیەکی دیکەی گۆڕانەکانی ناو بواری هونەر، بەدیاریکراوی بووە هۆی لەناوچوونی شیعری لیریکی. ئەمە وەک خەسڵەتێکی تاقانەی ***گوڵەکانی ئازار*** وایە، کە بودلێر بە کتێبێکی شیعر وەڵامی ئەم گۆڕانکارییانەی دایەوە. ئەمە لەهەمانکاتدا بانئاساییترین نموونەی ژێستی پاڵەوانانەیە، کە دەکرێت لە ڕەوتی ژیانی ئەودا بیدۆزینەوە.

"L'appareil sanglant de la Destruction" (دەستگای خوێناویی وێرانکردن)[30]: کەرەستەکانی ماڵەوە کە – لە ناوەکیترین ژوورەکانی شیعری بودلێردا – لەبەرپێی ئەو سۆزانییەدا پەرش و بڵاوبوونەتەوە، کە هەموو هێزی تەمسیلی بارۆکی بە میراتی بردووە.

---

[30] دوایین دێڕی شیعری "وێرانکردن"ی ناو ***گوڵەکانی ئازار***.

بیرمەنــدی ویــڵ و عەوداڵ کە نیگــای زەقــی خــۆی دەگــرێتە ئەو پارچەیەی لەنێو دەستەکانی دایە، دەگۆڕێت بۆ بیرمەندی تەمسیلی.

ئەو پرسیارەی دەبێت بۆ کۆتایی کارەکە بپارێزرێت: چۆن دەشێت هەڵوێستی کەسی تەمسیلکار (ئەلیگۆریست) کە لانیکەم بەڕواڵەت وەها "ناوەخت"ـە، لەنێو دەقی کاری شیعریی سەدەدا، پێگەیەکی وەها بەرجەستەی بەدەستهێنابێت؟

دەبێت لەناو دڵی تەمسیلدا، دژەژەهری ئەفسانە پیشانبدەین. ئەفسانە هەمان ڕێگای ئاسمانی بوو، کە بودلێر چاوپۆشیی لێکرد. شیعرێکی وەک "ژیانی بەسەرچوو"، کە خودی ناونیشانەکەی هەموو جۆرە سازشێکمان بیردەخاتەوە، ئەوە دەردەخات کە بودلێر چەندە لە ئەفسانە دوورکەوتبووەوە.

ئیقتیباسێکی بلانکی لە کۆتایی کارەکەدا "ئینسانەکانی سەدەی نۆزدە"[31].

بەدەستەوەگرتنی توند و بەڕواڵەت توندوتیژئامێز بەشێکە لە وێنەی "ڕزگاربوون".

---

[31] هەموو ڕستەکە بەمجۆرەیە: "ئەی ئینسانەکانی سەدەی نۆزدە، سەعاتی تارمایی ئێمە بۆ ئەبەد جێگیر کراوە و هەمیشە هەمان سەعاتمان پیشاندەداتەوە".

وێنەی دیالەکتیکیی هەمان فۆڕمی ئوبێکتی مێژووییە، کە خواستی گۆتە بۆ ئوبێکتێکی پێکهاتەیی دابیندەکات.

29

بودلێر لە ئاستی ژێستی کەسێکی وەرگری خێر و سەدەقەدا، مۆدێلی ئەم کۆمەڵگا بەردەوامە هەڵدەگرێتەوە لەپێناوی تاقیکردنەوەدا. وابەستەبوونی ئەو بەدایکی کە بەشێوەیەکی دەستکرد بەردەوامبوو، وێڕای ئەو هۆکارەی لەلایەن دەروونشیکارییەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە، هۆکارێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە.

ئەوەی لە ئایدیای گەڕانەوەی ئەبەدیدا گرنگە ئەو ڕاستییەیە، کە بۆرژوازیی چیتر دڵی ئەوەی نەبوو ڕووبەڕووی گەشەی داهاتووی ئەو سیستەمەی بەرهەمهێنان ببێتەوە، کە خۆی بەگەڕیخستبوو و دایمەزراندبوو. ئایدیای زەردەشت دەربارەی گەڕانەوەی ئەبەدی و ئەم دروشمە گونجاوەی نەخشی قەنەفە لەسەر پشتییەک: "تەنیا پانزە خولەکی کورت" – ئەم دووانە تەواوکەری یەکترین.

مۆد (فاشیۆن) هەمان گەڕانەوەی ئەدەبیی شتی نوێیە – بەڵام ئایا دەتوانین بەدیاریکراوی لەنێو دڵی مۆددا مۆتیڤ و کرۆکەکانی ڕزگاربوون بدۆزینەوە؟

لە بەشێک لە شیعرەکانی بودلێردا، فەزای ناوەکی بەگشتی پڕە لە ئاراستە و ڕەهەندی شەوانە و تاریکی فەزای ناوەکیی ماڵە بۆرژوازییەکان. جەمسەرە نەیارەکەی، فەزای ناوەکیی گۆڕاوی نێو ***ستایلی لاوان***ـە. پروست لە تێبینییەکانی خۆیدا تەنیا باسی یەکەمیانی کرد.

بێمەیلیی بودلێر بۆ سەفەرکردن، زاڵبوونی وێنە نامۆ و بێگانەکان لە زۆرێکی شیعرەکانیدا، ئەوی زیاتر لەپێشوو بەرچاوتر دەکرد. ماخولیای ئەو لە ئاستی ئەم زاڵبوونەدا دەگات بە پێگە و شوێنی ڕاستەقینەی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم شتە بەڵگەیە لەسەر دەسەڵاتی کاریگەریی ڕەگەزی خەرمانەئاسا لەسەر ئەزموونی هەستەکیی ئەو. شیعری "سەفەر" جۆرە ڕەتکردنەوەیەکی سەفەرکردنە[32].

پەیوەندی و لێکچوونی نێوان سەردەمی کۆن و مۆدێرنیتە، تاقانە لێکدانەوەی دامەزرێنەرانەیە بۆ مێژوو لەلایەن بودلێرەوە. ئەم لێکچوون و پەیوەندییە زیاتر لەوەی هەڵگری تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی دیالەکتیکی بێت، ئەم [تێگەیشتنە دیالەکتیکییە] دەسڕێتەوە.

[32] بنیامین بەشێوەیەکی شاراوە ئەم تێزە لەسەر فرانتز کافکاش پەرە پێدەدات کە ئایدیای سەفەر لە ڕۆمان و چیرۆکەکان و بەدیاریکراوی ڕۆمانی ئەمریکادا، خۆی جۆرە پۆتێنشیەڵێکی ڕەتکردنەوەی سەفەرە و ئەمجارە سەفەر بۆ دەرەوە کە لەناوەوەدا ئەنجامدەدرێت، نەک لەپێناو چاوی خۆرهەڵاتناسانەی خۆرئاواییەکاندا، بەڵکو بۆ تەنگژە دروستکردن لەناو دڵی غەربدا ئەنجامدەدرێت (وەرگێڕ).

تێبینییەک لەلایەن لیریسەوە[33]: زاراوەی familier (ئاشنا) لای بودلێر پڕیەتی لە ڕاز و بێئۆقرەیی، دەرخەری شتێک کە پێش ئەمە هەرگیز دەرخەری ئەو شتە نەبووە.

یەکێک لە ئاناگرامە [کالاّ تەزویرە] شاراوەکانی پاریس لە ***وەڕەسی /***دا، هەمان زاراوەی mortalite (مردن)ـە.

یەکەم دێڕی "ئەو خزمەتکارە دڵفراوانە" [شیعری 100ی ***گوڵەکانی ئازار***] – زاراوەی dont vous etiez jalousie ("کە حەسوودی بەو دەبەیت") – ***ئەو*** جەختکردنەوەیەی تیا نییە کە واچاوەڕواندەکرێت. وا دەردەکەوێت دەنگی jalousie دەگەڕێتەوە دواوە. ئەم نزمبوونەوەی دەنگ شتێکی سەرتاپا تایبەتە بە بودلێر.

تێبینییەکی دیکە لەلیریسەوە: هاتوهاواری پاریس هێندە لەڕێگای گەڕانەوە نامەجازییەکان لە زۆرێک لە بڕگەکانی (گالیسکە قورسبارکراوەکان)دا ناگوازرێتەوە، بەڵکو بەڕیتمێکی تایبەتەوە دزە دەکاتە ناو شیعری بودلێرەوە.

بۆ دێڕی "مادام هەموو شتێک، تەنانەت ترس و تۆقاندنیش، دەگۆڕێت بۆ سیحر و جادوو"، هیچ نموونەیەک باشتر لە وەسفەکەی ئەدگار ئالن پۆ بۆ قەرەباڵغی نابینرێتەوە.

---

33 Michel Leiris (1901–1990)

بە قەولی لیریس: ***گوڵەکانی ئازار*** کورتنەکەرەوەترین[34] کتێبی شیعرە – دەتوانین بەمجۆرە ئەم ڕستەیە لێکبدەینەوە، کە ئەزموونی نێو بناغەی ئەم کتێبە لەبنەڕەتدا هێندە نەگۆڕاوە بۆ شتێکی دیکە.

## 31

نەزۆکی (لاوازی)ی پیاوانە – ڕووخساری سەرەکیی تەنیایی –. لەژێر چەتری ئەمەدا، سستبوونەوە و داکشانەوەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بەدیدێت و سەرهەڵدەدات – چاڵ و درزێک کە مرۆڤ لە هاوچەشنەکانی خۆی جیادەکاتەوە.

تەم وەک دڵدانەوەی تەنیایی.

"ژیانی بەسەرچوو"[35] چاڵێکی کاتیی لەنێو دڵی شتەکاندا دەکاتەوە؛ تەنیایی، چاڵێکی شوێنی (مکانی) لەبەردەم مرۆڤدا دەکاتەوە.

دەبێت ڕیتمی فلانور (پیاسەکەر) بە ڕیتمی قەڕەباڵغییەوە، بەگوێرەی لێکدانەوەی ئالن پۆ، بەراوردبکرێت. یەکەم وەک ناڕەزایەتییەک وایە

---

[34] واتا کتێبێکە بۆ هیچ شتێکی دیکە کورتناکرێتەوە و دانابەزێت جگە لە شیعر خۆی (وەرگێڕ).

[35] ناونیشانی شیعرێکی بەشی "وەڕسی و ئایدیال"ی کتێبی گوڵەکانی ئازار

بەرانـــبەر بە دووەم. بەراوردیـــبکەن بە بـــرەوی مـــۆدی کیســـەڵ لە دەوروبەری 1839 (D2a, 1)[36].

لە پرۆســـــەی بەرهەمهێنانـــــدا، وەڕەســـــی لەگەڵ خێرابـــــوونی ئەم پرۆســـەیەدا (لەڕێگـای ئـامێرەوە) دەردەکەوێـت. ***فلانـور*** بە ئـارامی و بێباکیی بەرچاوی خۆیەوە، ناڕەزایەتی دژی پرۆسـەی بەرهەمهێنـان دەردەبڕێت.

لای بـودلێر، هەروەک لای شـاعیرانی بـارۆک، بەر ژمـارەیەکی زۆری کلێشەکان دەکەوین.

کۆمەڵە نموونەیەک، لە گاردی نەتەوەییەوە: مایۆ، ڤیرلـۆک و گـارۆش، کەناسی بودلێر و ڕاتاپۆیلی لۆمپەن پرۆلیتاریا.

گەڕان لەپێنـــاوی تانەوتەشـــەر دژی کوپیـــد (خواوەنـــدی عەشـــق). لەپەیوەندیدا بە تانەوتەشـەرەکانی ئەلیگۆریسـت (بیرمەندی تەمسیلی) دژی ئەفسانەسـازی، کە هێنـدە بەوردیـی لەگەڵ قەشـەکانی سـەرەتای ســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا دەگونجێـــت. لە بـــڕگەی نـــاوبراودا، کوپیـــد

[36] لەگەڵ سەرهەڵدانی پاساژەکان (قەیسەرییەکان) لە پاریس، و بەگشتیی لە ئەورووپادا، نەریتێک بەهۆی سەرهەڵدانی کاڵای نمایشییەوە هاتە ئاراوە، ئەویش لەبری بردنی سەگ و پەتێک کردنە ملی، کیسەڵ بوو بەباو، ئەویش بەهۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا کاڵا نمایشییەکانی ناو جامخانەی پاساژەکان زۆر و درەوشاوە بوون، خێرایی سەگ لە ڕۆیشتندا دەبوو بە بەربەستێک لەبەردەم ئەوەی بینەران، بەئاسانی سەیری هەموو کاڵاکان بکەن، کیسەڵ بەهۆی هێواش ڕۆیشتنەکەی، بینەری ناچاردەکرد بە سورعەتی کیسەڵ بڕوات و دانە دانەی کاڵاکان ببینێت و کاڵاکانیش بەهۆی درەوشانەوەیان لەنێو جامخانەکاندا نیگای زەقی بینەرانیان ڕادەکێشا (وەرگێڕ)

دەیتوانی ببێتە خاوەنی نازناوی خەپە (chubby). بێزاربوونی بودلێر لە ڕووخساری کوپید هاوڕیشەیە لەگەڵ نەفرەت و ڕقی ئەو لە برانژە.

کاندیدبوونی بودلێر بۆ ئەندامبوون لە ***ئەکادیمیا***، تاقیکردنەوەیەکی کۆمەڵناسانە بوو.

ڕێچکە و عەقیدەی گەڕانەوەی ئەبەدی، وەک خەونی کەشفکردنە گەورە نزیکەکان لە بواری تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانەوەدا.

## 32

ئەگەر بەوجۆرەی هەمووان لەسەری کۆکن، ئاواتی مرۆڤایەتی بۆ جۆری بوونێکی بێگەردتر، پاکیزەتر و ڕۆحانیتر لەوەی بەو دراوە، بەزەرووری لەنێو سروشتدا بۆ بەڵێنی گەرەنتیکردنی ئەم بوونە دەگەڕێت، گەرەنتییەک، کە بە گشتی لەئاستی بوونەوەرێکی سەر بە بواری گیایی یان ئاژەڵیدا دەبینرێتەوە. لای بودلێر بەمجۆرە نییە. خەونی ئەو بۆ ئەمجۆرە بوونە، پەیوەندیی لەگەڵ هەرجۆرە سروشتێکی زەمینیدا دەبڕێت و تەنیا تێکەڵی هەورەکان دەبێت. ئەم شتە بەتەواوی لەیەکەم شیعرە پەخشانی ***وەرسییەکانی پاریس***دا[37]

---

[37] مەبەست لە شیعری "نامۆ"یە کە لە ژمارەی یەکی گۆڤاری شیعردا بڵاوکراوەتەوە و لەلایەن منەوە کراوە بەکوردیی.

دەبینـرێتەوە. زۆرێـک لە شـیعرەکانی پڕییەتـی لە مۆتیـڤ و کرۆکـی هەور. ترسناکترین کار ئەتککردنی هەورەکانە.

***گوڵەکـانی ئـازار*** لەڕوانـگەی پێـداگریکردنی لەسـەر بەدواداچـوونی پـڕۆژەی گشـتیی ژیـانێکی داهێـنەرانە، لێکچـوونێکی شـاراوەی لەگەڵ دانتـێ ئەلیگرێـدا هەیە. هـیچ کتێبێکـی دیکەی شـیعرەکان بـوونی نییە تیایدا، کەسـی شـاعیر خۆی بە بێهودەییەکی کەم و هێزێکـی زۆرەوە دەرکەوێـت. بەگـوێرەی ئەزمـوونی بـودلێر، پـاییز زادگەی حەقیقیـی بلیمەتیـی داهێـنەرانەیە. وەک بڵێیـت شـاعیری گەورە گیـانەوەرێکی پاییزییە. "دوژمن، خۆر".

[وتـاری] "***دەربـارەی جەوهەری پێکەنـین***"[38] هـیچ شـتێکی دیـکەی نەگرتووەتە خۆی، جگە لە تیۆری قاقای شەیتانی. لەم وتارەدا، بودلێر تـا ئەو شـوێنە دەچێـتە پێشـەوە، کە تەنـانەت لەڕوانـگەی وەهـا قاقـایەکەوە لە پێکەنـین و زەردەخەنەش دەڕوانێـت. بەگشـتی هاوسـەردەمەکانی ئەو ئاماژەیـان بە ئامـادەیی ڕەگەزی ترسـناک لە شێوازی پێکەنینی ئەودا کردووە.

دیالەکتیکی بەرهەمهێنانی کاڵایی: تازەبوونی بەرهەم (وەک پاڵنەرێک بۆ خواست) مانا و گرنگییەکی بێ پێشینە بەخۆیەوە دەگرێت؛ شتی هەمیشـە یەکسـان بـۆ یەکەمجـار لەچوارچێوەی فـرە-بەرهەمهێنانـدا بەجۆرێکی بەرچاو دەردەکەوێت.

---

[38] وتارێکی بودلێرە لە کتێبی نیگارکێشی ژیانی مۆدێرن(وەرگێڕ).

## 32 ئەلف

***یادگـــاری*** (Das Andenken) هەمـــان بەجێمـــاوی قودســـییەتی بەدونیاییکراوە.

***یادگـــــاری*** تەواوکەری "ئەزمـــــوونی ژینکردوو"ــــــە (des Erlenenisses)[39]. لە ***یادگـــاری***دا، لەخـــۆ-نـــامۆبوونی بەرچـــاو و هەڵکشـاوی ئینسـان دێـتە نـاوەوە، ئەو ئینسـانەی ڕابـوردووی خـۆی وەک میراتێکی مردوو دەکاتە شـتێکی ئەرشـیفی. لە سـەدەی نۆزدەدا، تەمسـیلی جیهـانی دەوروبەر پاشەکشـەیکرد، تـا لە جیهـانی نـاوەوەدا نیشـــتەجێبێت. بەجێمـــاوی قودســـی لەجەســـتەوە دێـــت، یادگـــاری لە ئەزموونی ڕەتکراوە و مردووەوە، ئەزموونێک کە خۆی، بە نییەتێکی باشی تەعبیرەوە، بە ***زیندوو*** ناودەبات.

***گوڵەکانی ئازار*** دوایین ئەو کۆمەڵە شیعرەیە کە کـاریگەریی لەسـەر هەمـــوو ئەوروپـــا دانـــاوە. پـــێش ئەوە، لەوانەیە ئۆســـیان (Ossian کەســـایەتیی ئەفســـانەیی گالیـــک)، یـــان "کتێبـــی گۆرانییەکـــان" [ئەم کاریگەرییەی هەبووبێت]؟.

نیشانە [تەمسیلییەکان] لە فۆڕمی کاڵاکاندا دەگەڕێتەوە.

---

[39] لای بنیامین دوو جۆر ئەزموون بەرچاو دەکەوێت ئەزموونی ژینکردوو یان ئەزموونی ڕاستەوخۆ یاخود تاقیکردنەوەی ڕۆژانەیی لەناو سیستەمی سەرمایەداریدا لەگەڵ ئەزموون کە دەگوازرێتەوە و لە حیکایەتخواندا بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە بۆ نووسینێکی من بەناوی "دەربارەی سوبێکتی وێران: بەشی ئەزموونی وێران" لە کتێبی یەکەمی کێشەی سوبێکتدا(وەرگێڕ).

تەمسیل هەمان ئێسکەپەیکەری مۆدێرنیتەیە.

لای بودلێر، جۆرە بێمەیلییەک بۆ هێنانە ئارای دەنگدانەوە بوونی هەیە – چ لەگیانەکاندا چ لەشوێنەکاندا. ئەو هەندێکجار پتەو و زبرە [دەنگدار]، بەڵام هەندێکجار دەنگدەرەوە و زەنگدار نییە. بەهەمان ڕادەی ژێستەکانی ئەسقەفێکی عەیارە بیستوچوار لەکەسایەتیی خۆی، شێوازی قسەکردنی ئەو بەکەمی لە ئەزموونی ئەو دووردەکەوێتەوە.

## 33

***ستایلی لاوان*** وەک هەڵەتێگەیشتنێکی بەرهەمهێنەر دەردەکەوێت کە بەهۆیەوە، شتی "نوێ" گۆڕاوە بۆ "***مۆدێرن***". بەسروشت ئەم هەڵەتێگەیشتنە ڕیشەی لای بودلێر داکوتاوە.

***مۆدێرن*** جەمسەری دژ و بەرانبەری سەردەمی کۆنە و شتی نوێ جەمسەری بەرانبەر و دژی شتی هەمیشە یەکسان (***مۆدێرن***: جەماوەر؛ سەردەمی کۆن: شاری پاریس).

شەقامەکانی پاریس بەگوێرەی لێکدانەوەکانی مەریۆن ئەو چاڵ و دۆڵانەن، کە هەورەکان بەسەرییەوە دێن و دەچن.

وێنەی دیالەکتیکی، وێنەیەکە وەک فلاش دەردەکەوێت. بەمجۆرە ئەوەی هەبووە – لەم بارەیەوە، وێنەی بودلێر – دەبێت بەمشێوازە

بەدەستبهێنرێت: لێدانی فلاشی وێنە لە ***ئێستای*** قابیلی ناسینەوەیدا. ئەو ڕزگارییەی بەم چەشنە بەدیبێت و تەنیا بەم شێوەیە، هەمیشە بەراورد بە دەرککردنی ئەم شتەوە بەدەستدێت، کە خەریکە بەشێوەیەکی ڕزگارنەکەرانە لەدەستدەچێت. دەبێت هەر لێرەدا بڕگەیەکی میتافۆڕیی دەروازەیی بۆ یۆخمان بگونجێنین.

## 34

چەمکی مافی پارێزراوی نووسەر لە ڕۆژگاری بودلێردا، هێندەی ئەمڕۆ باو نەبوو. بودلێر بەگشتی شیعرەکانی دوو یان سێ جار بڵاودەکردەوە، بێئەوەی هیچ کەسێک نارەزایەتی دەرببڕێت. تەنیا لە کۆتایی تەمەنیدا بوو بەهۆی ئەم کارەوە تووشی کێشە بووەوە، بەتایبەت لەسەر ***شیعرە بچووکە پەخشانییەکان***.

ئیلهام لای هۆگۆ: وشەکان، ڕێک وەک وێنەکان، خۆیان وەک فرەییەکی جوڵێنەرەوە بۆ ئەو دەردەخەن. ئیلهام لای بودلێر: وشەکان وەک بڵێیت بەکۆمەکی سیحر و جادوو لە شوێنی خۆیاندا دەردەکەون – بەرهەمی ڕێگا و ڕەوشێکی تەواو موتاڵەعەکراوە. لەم شێواز و ڕێگایەدا، وێنە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت.

دەبێت خاڵێک ڕوونبکرێتەوە: گرنگیی ماخولیای پاڵەوانانە بۆ سەرمەستی و بۆ ئیلهامی وێنەیی.

مرۆڤ لەکاتی باوێشکداندا، خۆی وەک چاڵێک دەکاتەوە؛ ئەو خۆی هاوشێوەی ئەو ساتە وەڕەسکەرە کوشندانە لێدەکات، کە دەوروبەری خۆی تەنیوەتەوە.

بەچ ئایدیایەکەوە: قسەکردن لەسەر پێشکەوتن لەگەڵ جیهانێکدا، کە خەریکە نوقمی بەستەڵەکی مەرگ دەبێت. بودلێر لەنێو بەرهەمەکانی ئالان پۆدا، ئەزموونی جیهانێکی کەشفکرد، کە نوقمی نێو بەستەڵەکی مەرگ بووە. ئەوەش شوێنێکە تیایدا ئەم ئەزموونە بەدەسەڵاتێکی ناقابیلی بەراوردکردنەوە باسکراوە. هەر بەمجۆرە بوو ئالن پۆ شوێنێکی لای ئەو داگیرکرد، کە هیچ بەدیلێکی دیکەی نەبوو؛ ئالن پۆ باسی جیهانێکی کردووە پاساوی هەموو هەوڵە شیعرییەکەی بودلێری تیادا دەبینرێتەوە. بەراوردیبکەن بە [مۆتیڤی] سەری مەدوسا لای نیچە.

## 35

گەڕانەوەی ئەبەدی هەوڵێکە بۆ بەستنەوەی دوو پرەنسیپی ئەنتینۆمیانەی بەختەوەری: پرەنسیپی ئەبەدیەت و پرەنسیپی دووبارە – ئایدیای گەڕانەوەی ئەبەدی، جادوو لە ئایدیای فەنتاسماگۆریا (سیحرئامێزانە)ی بەختەوەری لەنێو دڵی ***شەکەتی*** سەردەمدا دەکات. پاڵەوانپەرستیی بودلێر هاوتای پاڵەوانپەرستیی

نــیچەیە، ئەو کەســەی لەنێــو دڵــی شــەکەتی بێزەوقــدا، جــادوو لە فەنتاسماگۆریای مۆدێرنیتە دەکات.

دەبێت چەمکی پێشکەوتن ببەستینەوە بە ئایدیای کارەساتەوە. ئەمە خــۆی کارەســاتەکەیە، کە دەگوترێــت هەمــوو شــتێک "وەک هەمیشــە" بەڕێوە دەچێت. کارەسات ئەگەرێکی بەردەممان نییە، بەڵکو واقیعێکە بەســەر هەمــوو شــتێکدا دەبڕدرێــت. ئەم واقــیعە باڵادەســتە خــودی کارەســـــاتەکەیە. ئایـــدیای ســــترینبێرگ: دۆزەخ شـــــتێک نیـــــیە کە چاوەڕوانمـــانە، بەڵکـــو هەر ئەم ژیـــانە لێـــرە و لەئێســـتادا [خـــودی کارەساتەکەیە].

ڕزگـاری، بە بـازدان و درزێکی بچـووکەوە پەیوەنـدی بە بەردەوامیـی کارەساتەوە گرتووە.

هەوڵی کۆنەپارێزانە بۆ گۆڕینی ئەو فۆڕمانەی لەڕوانگەی تەکنیکییەوە دەستنیشـــانکراون و خەســڵەتیان وەرگرتــووە، واتــا هەمــان گــۆڕاوە وابەســـتە و پاشـــکۆییەکان، بــۆ [شـــتە] جێگیرەکـــان، نەک تەنیـــا لای ***ستایلی لاوان***، بەڵکـو هەروەهـا لە لای فۆتـۆریزمیش بە هەمـان ڕادە دەبینرێت.

ئەو وەرچەرخــــانە، وەرچەرخــــانێکی لـــــۆژیکییە، کە مەتەرلینکـــــی بەدرێژایی ژیانی بەرەو ڕوانگەیەکی تەواو کۆنەپارێزانە ئاڕاستەکرد.

خەریکبوون بەم پرسیارەوە کە سنووری کۆتایی ناو ڕزگاری تا چ شوێنێک هەمان دوو ئاست و سنووری "زۆر زوو" و "زۆر درەنگ"ن.

کاتێک بودلێر دوژمنی پێشکەوتن بوو، ئەمە مەرجی حەتمیی توانای ئەو بوو بۆ جڵەوکردنی پاریس لەشیعری خۆیدا. بەراورد بە شیعری شاریی ئەو، هەموو بەرهەمەکانی دواتری ئەمجۆرە شیعرە، جۆرە لاوازییەکیان تیادا بەدیدەکرێت، بەتایبەت لەو شوێنەدا کە وەک شوێن و پێگەی پێشکەوتن سەیری میترۆپۆلیس دەکات. بەڵام واڵت ویتمان چۆن؟

## 36

هۆکارە کۆمەڵایەتییە ڕوونەکان دەربارەی [فراوانبوونی] نەزۆکیی پیاوان، هەمان ئەو فاکتەرە بوو، کە لەڕاستیدا ڕەوتی ڕێگا، لەشێوەی فلکەیەکدا، لەڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە لەپێشەوە دیاریکراو، کە بودلێر پێوانی ئەو ڕێگایەی بەفیعلی گۆڕی بۆ ڕێگایەک. تەنیا هەر ئەمە دەتوانێت تێمانبگەیەنێت، کە بۆچی ئەو، وەک ئیفادی سەفەر، سکەیەکی بەنرخ و کۆنی لەو خەزێنەیە وەرگرت کە ئەم کۆمەڵگا ئەوروپییە کەڵەکەی کردبوو. لەسەر ڕوویەکی ئەم سکەیە ڕووخساری مەرگ نەخشێنرابوو و لەسەر ڕووەکەی دیکەشی، ماخولیای نوقمبووی نێو بیرکردنەوەی وێڵ و عەوداڵ. سکەکە تەمسیل بوو.

جۆش و خرۆشی بودلێر وەک [پۆستەرێکی ئایینی سەنتیمانتاڵ] ئەویش بە ستایلی دەقە باوەکان دەربارەی بودلێر.

"خەونی پاریسی"-وەک جۆرە فەنتازییەک دەربارەی هێزە بەرهەمهێنەرە وەستێنراوەکان.

لای بودلێر، ئامێرەکان دەبن بەڕووخسارێک بۆ هێزە وێرانکەرەکان. ئێسکەپەیکەری مرۆڤایەتی، ناگرنگترین بەشی ئەمجۆرە ئامێرە نییە.

خەسڵەتی نیشتەجێبوونی ژوورەکانی کارگە سەرەتاییەکان، وێڕای دڕندەیی و ناعەمەلیبوونیان، کەچی ئەم خەسڵەتە تایبەتەی هەیە: دەتوانین وێنای خاوەن کارگە لەم ژوورانەدا بکەین: جۆرێک ڕووخساری ڕێکەوتکرد لەتابلۆیەکدا، کە نوقمی قوڵبوونەوەی نێو ئامێرەکانی خۆی بووە و خەونی مەزنێتیی داهاتووی خۆی و ئامێرەکانی دەبینێت. دوای پەنجا ساڵ لە مردنی بودلێر، ئەم خەونە هاتەدی.

تەمسیلی بارۆک تەنیا لەدەرەوەدا جەستە دەبینێت. بودلێر لەناوەوەشدا جەستە دەبینێت.

کاتێک ئەستێرەکان لە دەرەوەی شیعرەکانی بودلێرن، ئەمە یەکلاکەرەوەترین نیشانەی ڕەوت و مەیلی شیعری لیریکیی ئەو، بۆ سڕینەوەی دەرکەوتە یان دیاردە بەدەستەوە دەدات.

37

ڕەنگە ئەمە پەیوەندیی بە هێز و توانای نییەت و مەبەستی تەمسیلیی ئەوەوە هەبێت، کە بودلێر هێندە حەزی بۆ کولتووری لاتینی سەردەمی دواتر هەبووە.

بەوردبوونەوە لە گرنگیی فۆمە قەدەغەکراوەکانی دەرکەوتەی سێکسوالێتە لە ژیان و کاری بودلێردا، ئەوە سەیر و سەمەرەیە، کە قاحبەخانە نە لە بەڵگەنامە شەخسییەکانیدا و نە لەبەرهەمەکانیدا بچووکترین ڕۆڵ ناگێڕێت. لەم بوارەدا، هیچ هاوتایەک بۆ شیعری "قوماربـاز" بوونی نییە (بەڵام لەهەمانکاتدا بەراوردیبکەن بە "دوو خوشکی میهرەبان").

دەبێت [زەرووورەتی] ناساندنی تەمسیل لەو بارودۆخەوە هەڵبهێنجین، کە تیایدا وەرچەرخانی هونەر بەستراوەتەوە بە گەشەی تەکنەلۆژیاوە و خولق و خووی ماخولیایی ئەمجۆرە شیعرە، تەنیا دەشێت بەگوێرەی تەمسیل بنوێنرێتەوە و دەربخرێت.

بەدەربڕینێکی دیکە، دەکرێت بڵێین لە ئاستی ***فلانور***دا، هەمان کەسی بێ ئیش و کار، دووبارە دەردەکەوێت کە سوکرات لە بازاڕی ئەسینادا بەدوایدا دەگەڕا بۆئەوەی ڕۆڵی هاوگوتاری خۆی بۆ ئەو بگێڕێت. بەڵام کێشەکە لێرەوەیە، کە ئێستا چیتر سوقراتێک بوونی نییە و بەناچاری چیتر کەسێک بوونی نییە، بانگی ئەم کەسە بێ ئیش و کارە بکات. تەنانەت کاری کۆیلەکان کە گەرەنتیی وێڵ و کاتی

بەتاڵی کەسانێکی وەک ئەویان دەکرد، خۆبەخۆ ئەمانەش بوونیان نەماوە.

دەبێت کلیلی تێگەیشتنی پەیوەندیی بودلێر بە گۆتیە لە ئاگایی کەم تازۆر شەفافی پیاوی لاوتر[ی بودلێردا] بۆ ئەم شتە ببینینەوە، کە هەوڵ و تەقەلای ئەو بۆ وێرانکردن تەنانەت لە مەیدانی هونەریشدا ڕووبەڕووی هیچ سنوورێکی تێپەڕنەکراو یان ناقابیلی تێپەڕکردن نابێتەوە. کاردانەوەکانی بودلێر بەرانبەر (قوتابخانەی نیۆپاگان) بە ڕوونی ئەم باردۆخە دەردەخات. ئەگەر ڕەخنەی بودلێر بۆ چەمکی هونەر، لانیکەم بە ئەندازەی ڕەخنەی خودی دوپۆن ڕیشەیی و ڕادیکاڵ نەبووایە، ئەوا بودلێر هەرگیز نەیدەتوانی وتارەکەی خۆی دەربارەی دوپۆن[40] بنووسێت. بودلێر توانی بەهێنانە مەیدانی ناوی گۆتیە، بەشێوەیەکی سەرکەوتووئامێز، ئەم مەیلانە بشارێتەوە و دایانبپۆشێت.

38

ناتوانین ئەوە ڕەتبکەینەوە، کە لە ڕستەی تایبەتمەندییە نامۆکانی هۆگۆدا چ لە ئیمانی بە پێشکەوتن و چ لە پانتاییزمی ئەودا، بێگومان هاوسۆزیی ئەو بە پەیامە گەیشتووەکاندا بوو لە دانیشتنی دەرکێشانی ڕۆحەکاندا. بەڵام گومانناویبوونی ئەم بارودۆخە لە

[40] Pierre-antoine Dupont (1821-1870)

بەرانبەر پەیوەندیی بەردەمی نێوان شیعری ئەو و دونیای جنۆکەی ئەودا نامێنێت. چونکە چۆنایەتیی تایبەتی شیعر ئەو بەفیعلی، نەک لە هەڵبژاردنی ڕاستەقینە یان ڕواڵەتی مۆتیڤەکانی ئەمجۆرە [دۆزینەوە ڕۆحانی و مەعنەوییەدا]، بەڵکو لەم واقیعەدا بوو کە ئەو شیعری خۆی، بە مانایەک، بەرانبەر بە جیهانی ڕۆح نمایشدەکرد. ئەم نمایشە زۆر بەقورسی دەشێت لەگەڵ ئاڕاستەی شاعیرانی دیکەدا کۆبکرێتەوە.

لای هۆگۆ، سروشت، مافی بنچینەیی خۆی بەرانبەر بە شار لەڕێگای قەڕەباڵغییەوە پیادە دەکات.

دەربارەی چەمکی حەشامات و (پەیوەندیی) "قەرەباڵغیی" و "جەماوەر".

حەزی سەرەتایی بودلێر بۆ تەمسیل، خەسڵەتێکی ئۆپتیکی (بینین) هەیە نەک زمانی. (وێنەمان، جۆش و خرۆشی مەزن و سەرەتایی من).

پرسیار: کاڵا کەی وردە وردە لەنێو دڵی وێنەی شارەوە سەرهەڵدەدات؟ لەم بارەیەوە، هەبوونی زانیاریی ئاماریی دەربارەی برەوی خێرای بازاڕ و دوکانەکان لەنێو جامخانەی باڵەخانەکانەوە زۆر گرنگە.

## 39

ڕازئامێزیی لای بودلێر جۆرە لەسیحرو لەجادوو داماڵینێکە، شتێک هاوشێوەی درۆی نێوان لەشفرۆشەکان.

بێهاوتاترین سات و ڕەهەندی زۆرێک لە شیعرەکانی بودلێر لە سەرەتاکانیدایەتی – لەو شوێنەدا کە دەتوانین بڵێین تازەن. بەزۆری ئاماژەیان بەم خاڵە داوە.

کاڵای فرە–بەرهەمهێنان مۆدێلێک بوو لەبەردەم بودلێردا. توند و پتەوترین بناغەی "ئەمریکاگەرایی" ئەو هەر لێرەدایە. ئەو خوازیاری خولقاندنی "poncif"ێک (مۆدێلی کۆپیکردنەوە [ی بڕگە و پارچەکان]) بوو. لیمەتر دڵنیایی بەو دا، کە لەو کارەیدا سەرکەوتوو بووە.

کاڵا شوێنی فۆڕمی تەمسیلیی بینراوی گرتووەتەوە.

لەسیاقی ئەو فۆڕمەدا کە لەشفرۆش لە شارە گەورەکاندا بەخۆیەوە گرتووە، ژن نەک تەنیا لە ئاستی کاڵا، بەڵکو بە ڕوونترین مانای وشەکە لە ئاستی کاڵا و کەرەستەی فرەبەرهەمهێناندا دەردەکەوێت. شاردنەوەی دەستکردی دەربڕین یان ڕووخساری کەسێک لە پشتی ڕووخسارێکی پرۆفیشناڵەوە، کە بەگشتی بەسوودوەرگرتن لە کەرەستەکانی جوانکاریی ڕوودەدات، ئەم خاڵە زۆر بەڕوونی دەردەخات. ئەم واقیعە کە دەڵێت سیاقی دەرکەوتنی خودی لەشفرۆش لە زۆرێک لە شیعرەکانی بودلێردا بەگشتی شەقامە نەک

قاحبەخــانە، خــۆی بەڵــگەیە لەســـەر ئەوەی دەقــاودەق هەر ئەم ڕەهەندەی لەشفرۆش بۆ بودلێر لەڕوانگەی ڕەگەزییەوە گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە.

## 40

ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، کە لای بودلێر شتی "نوێ"، هەرگیز خزمەت بە ئایــدیای پێشــکەوتن ناکــات. بەهەرحــاڵ، لە بەرهەمەکــانی ئەودا بەدەگـمەن دەتـوانین هەوڵێکـی جـددی بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ ئایدیای پێشکەوتندا ببینینەوە. ڕقی ئەو زیاتر لە هەرشتێک، ڕق بوو لە "ئیمـان بە پێشـکەوتن"، ئەویش وەک جۆرە کوفر یان عەقیدەیەکی ساختە و نەک هەڵەیەکی ئاسایی. لەلایەکی دیکەوە، بلانکی هیچ کاتێک ڕقـی خـۆی بـۆ ئیمـان بە پێشـکەوتن دەرنەخسـتووە؛ بەڵام لەبـاڵاترین ئـارامیی ئەودا، دونیـایەک گـاڵتە و سـوکایەتیی ڕووبەڕوو دەبێـتەوە. بەزەرووری لەم شتەوە وادەرناکەوێت، کە ئەو بەم کارەیەوە بـاوەڕی سیاســیی خــۆی خســتە ژێرپێــوە. بێگومــان چــالاکییە پیلانگێــڕییە پرۆفیشــناڵەکانی وەک بلانکــی، لەســـەر هــیچ جــۆرە ئیمانێــک بە پێشـکەوتن ڕانەوەسـتاوە، بەڵکـو پێشـگریمانەی ئەم چالاکییـانە تەنیـا جەبر و حەتمییەتێکە بۆ هەڵگرتنی ئاسانی زوڵم و ستەمی باڵادەست. ئەم حەتمییەتە بۆ ڕزگاریی ئینسـانییەت لە دوایین سـاتی کارەسـاتدا، کە سایە و سێبەر بەسـەر ئاسۆی هەموو سەردەمێکدا دەکـات، هەمـان

ئەو خەسڵەتە دیارەیە کە بۆ بلانکی، زیاتر لە هەر سیاسەتمەدارێکی شۆڕشگێڕی ئەو قۆناغە، شتێکی دیاریکەر و یەکلاکەرەوە بوو. ئەو هەمیشە خۆی بەدووردەگرت لە پلاندادان بۆ ئەو شتەی "دواتر" دێت. زۆر بەباشی دەتوانین لەوە تێبگەین بۆچی ڕەفتاری بودلێر لە 1848دا لەگەڵ هەموو ئەم شتانەدا دەگونجێت.

## 41

ڕووبەڕوو بەرانبەر سەرکەوتنە بەرتەسکەکەی کارەکەی، بودلێر دواجار خۆی هەڕاجکرد. ئەو چارەنووسی خۆی بەستەوە بە بەرهەمەکانییەوە و بەمجۆرە تاکۆتایی، بەهەموو بوونییەوە، ئەم باوەڕەی خۆی پشتڕاستکردەوە، کە وردەفرۆشی[41] بۆ شاعیر زەرورەتێکی حەتمییە.

یەکێک لە پرسیارە گرنگەکان بۆ تێگەیشتن لە شیعری بودلێر ئەوەیە، کە ڕووخساری لەشفرۆشی، چۆن بەهۆی دەرکەوتنی شارە گەورەکانەوە گۆڕانی بەسەردا دێت. چونکە نابێت هیچ گومانێک لەم خاڵە بکەین، کە بودلێر زمانی ڕاشکاوی ئەمجۆرە گۆڕانکارییەیە، کە دەبێت ئەمە وەک یەکێک لە سەرەکیترین مۆتیڤەکانی شیعری ئەو ببینین. بە دەرکەوتنی شارە گەورەکان، لەشفرۆشیش دەبێتە هەڵگری ڕەمزوڕازێکی تازە. نموونەی ئەم ڕاز و ڕەمزانە، پێش هەر شتێک،

[41] Prostitution کە بەمانای لەشفرۆشیش دێت (وەرگێڕ).

خەسڵەتی لایبرینت (تولەڕێگائاسا)ی خودی شارە، وادەردەکەوێت سنوورەکانی تولەڕێگا، کە وێنەکەی بووە بە بەشێک لە گۆشت و خوێنی ***فلانور***، ئێستا لەڕێگای لەشفرۆشییەوە بەرجەستە و دیارتر دەبێت. لەمڕووەوە، یەکەم ئەو ڕازوڕەمزەی لەشفرۆشی بەکاریدەهێنێت، بریتییە لە ڕووخساری ئەفسانەیی شار خۆی وەک لایبرینت و تولەڕێگایەک. ئەم ڕووخسارە، هەروەک چاوەڕواندەکرێت، هەڵگری وێنەیەکی مینۆتایۆر [سەرەگا]یە لە ناوەڕاست و سەنتەری خۆیدا. ئەوە خاڵێکی سەرەکیی نییە، کە مینۆتایۆر مردن بۆ فەرد بەدیاریدەهێنێت. ئەوەی سەرەکی و گرنگە، وێنەی هێزێکی مەرگهێنەرە، کە لەنێو ئەم هیولا و دەعبایەدا بەرجەستەدەبێتەوە. هەرئەمەش بۆ دانیشتووانی شارە گەورەکان شتێکی تازەیە.

## 42

***گوڵەکانی ئازار*** وەک جبەخانە؛ بودلێر هەندێک لە شیعرەکانی لەپێناوی وێرانکردنی ئەو شیعرانەدا نووسی، کە پێش شیعرەکانی خۆی نووسرابوون. دەتوانین زیاتر لە پێشوو پەرە بە ئاماژە بەناوبانگەکەی ڤالێری لەم بارەیەوە بدەین.

ئەم شتە لەڕادەبەدەر گرنگە—و بۆ تەکمیلەکردنی یاداشتەکەی ڤالێری دەبێت بڵێین – کە بودلێر لە بەرهەمهێنانی شیعردا خۆی خستە ناو پەیوەندییەکەوە، کە لەسەر کێبەرکێ دامەزرابوو. هەڵبەت کێبەرکێ

شەخسییەکانی نێوان شاعیران هێندەی مێژوو، کۆنە. بەڵام لێرەدا مەسەلەکە دەقاودەق بریتییە لە گواستنەوەی ئەم کێبەرکێیە بۆ بواری کێبەرکێ لەبازاڕی ئازاددا. ئێستا ئامانجەکە داگیرکردنی بازاڕە، نەک بوونی پشتیوانیی شازادەیەک. بەڵام لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین بڵێین ئەمە یەکێکە لەو کەشفکردنە واقیعییانەی بودلێر، کە ئەو خۆی لە خەبات دژی ***تاکەکان***دا بینییەوە. بەریەککەوتنی ڕێکخستنی قوتابخانە شیعرییەکان و "ستایلەکان"، تەواوکەرێکە بۆ بازاڕی ئازاد، کە ئێستا خۆی لەبەرانبەر شاعیردا، وەک خوێنەر و موخاتبی ئەو ئاشکرادەکات. خوێنەری گشتی لەم ئاستەدا بۆ یەکەمجار لە بەرهەمەکانی بودلێردا دەردەکەوێت – بە گەڕانەوە بۆ ئەم پێشمەرجە بوو، کە بودلێر نەبوو بە "ئامێری دەستی دەرکەوتە"ی قوتابخانە شیعرییەکان. بەپێچەوانەوە: مادام "قوتابخانە" لەڕوانگەی ئەوەوە شتێک نەبوو جگە لە دیاردەیەکی لاوەکی، بۆیە ئەویش ئەزموونی خوێنەری گشتیی وەک واقیعێکی باوەڕپێکراوتر کرد.

43

جیاوازیی نێوان تەمسیل و حیکایەت (Allegorie und Gleichnis).

بودلێر و ژوڤینال. شتە یەکلاکەرەوەکە ئەمەیە، کاتێک بودلێر وەسفی بەدڕەوشتی و خراپەکاریی دەکات، هەمیشە خۆشی بە هەڵگری وەسفی ئەوانە دەبینێت. ئەو نامۆ و نائاشنایە بە ژێستی

هەجوونووسی. هەڵبەت ئەم خاڵە تەنیا دەربارەی ***گوڵەکانی ئازار*** دروستە، کە لەمڕووەوە سەرتاپا جیاوازیی لەگەڵ یاداشتە پەخشانییەکاندا هەیە.

چەند تێبینییەکی بنچینەیی دەربارەی پەیوەندیی نێوان نووسراوە تیۆرییە پەخشانییەکانی شاعیران و شیعرەکانیان. ئەوان لە شیعرەکانی خۆیاندا بوارێکی ژیانی ناوەکیی خۆیان ئاشکرادەکەن، کە بەگشتی لە ڕامان و بیرکردنەوەی خۆیان پێیناگەن. دەبێت ئەم خاڵە دەربارەی بودلێر بسەلمێنرێت، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ کەسانی وەک کافکا و هامسۆن.

مانەوەی کاریگەریی بەرهەمێکی ئەدەبی، پەیوەندییەکی پێچەوانەی لەگەڵ بەرچاوبوونی ناوەڕۆکە ماتریالییەکەیدا هەیە. (ئەی لەگەڵ ناوەڕۆکە ڕاستگۆکەیدا چی؟) بگەڕێنەوە بۆ نامەی پەیوەست بە ڕۆمانی ***پەیوەندییە هەڵبژێردراوەکان***[42].

گرنگیی ***گوڵەکانی ئازار*** بێگومان بەهۆی ئەم ڕاستییەوە هەڵکشا، کە بودلێر هیچ ڕۆمانێکی نەنووسی.

---

[42] مەبەست لە ڕۆمانێکی گۆتەیە (وەرگێڕ)

دەستەواژەکەی میلانکتۆن، ***ئەو ماخولیا پاڵەوانییە***، بەشێوەیەکی باڵا بلیمەتیی بودلێر وەسفدەکات. بەڵام ماخولیای سەدەی نۆزدە، خەسڵەتێکی ناماخولیای سەدەی حەڤدەی هەبوو. لە فۆڕمی یەکەمی تەمسیلدا، جەستە ڕووخساری سەرەکی بوو. لە فۆڕمی دواتری تەمسیلدا، ***یادگاری*** ڕووخساری کلیلییە. "یادگاری" هەمان شکڵی شێوەگۆڕکێی کاڵایە بە ئوبێکت بۆ کۆلیکسیۆنەر (کۆکەرەوە). ***پەیوەندییەکان***، لەڕوانگەی ئوبێکتیڤییەوە (بابەتییەوە)، گەلێک دەنگدانەوەی تادواڕادە گۆڕاون لەنێوان هەر یادگارییەک لەگەڵ یادگارییەکی دیکەدا (هێندە یادگارییم هەیە، کە وادەردەکەوێت زیاتر لە هەزار ساڵ ژیاوم).

ئاوازی پاڵەوانانەی ئیلهامی بودلێری، بەرهەمی ئەو شتەیە، کە لە بەرهەمەکانی ئەودا، یادەوەریی لە بەرژەوەندیی یادگارییدا دەشکێتەوە. نەبوونی "یادەوەرییەکانی منداڵی" لە شیعرەکانی ئەودا زۆر بەرچاون.

تاقانەیی غەریبی بودلێر ماسکێک بوو، کە ئەو هەوڵیدا لەپشتی ئەم ماسکەوە – وادەردەکەوێت بەهۆی شەرمەوە – زەروورەتی سەرو فەردیی فۆڕمی ژیان و بەڕادەیەک، چارەنووسی خۆی بشارێتەوە.

بودلێر لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا، ژیانی ئەدەبیی هەڵبژارد. ناتوانین بڵێین ئەو هەرگیز خۆی وەک "ڕۆشنبیر" یان "ئەهلی فیکر" دەبینی،

یان خۆی تەرخانکردبوو بۆ "ژیانی فیکری. لەو ڕۆژگارەدا، هێشتا مارک و نیشانەی بازرگانی بۆ بەرهەمهێنانی هونەریی دانەهێنرابوو.

## 45

دەربارەی کۆتایی پچڕان و بڕینی لێکۆڵینەوە ماتریالیستییەکان (پێچەوانەی کۆتایی کتێبی پەیوەست بەبارۆکەوە).

ڕوانگە و مۆدێلی تەمسیلی، کە لە سەدەی حەڤدەدا ستایلێکی ئەدەبیی بەدیهێنا، تا سەدەی نۆزدە ئەم ڕۆڵەی خۆی لەدەستدابوو. بودلێر وەک بیرمەندێکی تەمسیلی، کەسێکی گۆشەگیر و تەنیا بوو؛ گۆشەگیرییەکەی، بەمانایەک، گۆشەگیریی کەسێکی لەکاروان بەجێماو بوو. (تیۆرییەکانی ئەو بەشێوەیەکی وروژێنەر ئەمجۆرە بەجێمانەیان پشتڕاستدەکردەوە). ئەگەر دەسەڵاتی تەمسیل بۆ دامەزراندنی ستایل لە سەدەی نۆزدەدا کەمبووبێت، لەبەرانبەردا، مەیلی بۆ هاندانی ڕۆتین و یەکئاراستەییش بەرتەسک بوو. هەمان ئەو ئاڕاستە و مەیلەی لە ئەدەبیاتی سەدەی حەڤدەدا گەلێک شوێنپێی بەمجۆرە جیاوازی لەدوای خۆیەوە بەجێهێشت. ئەم ئاڕاستەیەی ڕۆتینات بەڕادەیەک مەیل و ئاڕاستەی وێرانکەری تەمسیلی – واتا پێداگرییکردنی لەسەر خەسڵەتی فراگمێنتەریی بەرهەمی هونەریی – وەستاند.

**سەرچاوە:**

ئەم دەقە لە دوو دەقی ئینگلیزی و وەرگێڕانی فارسی و بەراوردکردنی چەند بڕگە و فراگمێنتێک بەئەڵمانییەکە، کراوە بە کوردی


1. Walter Benjamin, The Writer of Modern Life, Essays on Charles Baudelair, Michel Jennings (Editor), Harvard University Press, 2006, pp.134-170.

2. Walter Benjamin, Central Park, translated by Lloyd Spencer, New German Critique, 1985, no.34.

3. بودلر/بنیامین، ترجمه مراد فرهادپور و امید مهرگان، نشر مینوی خرد، تهران.

4. Walter Benjamin, Zentralpark, in Gesammelete Schriften, Band 1.I, Shurkamp Verlag Frankfurt am Main, 1971, ss.655-691.

# بەشی دوو

# وەڕەسییەکانی پاریس

## شارڵ بودلێر

# 1

## هونەرمەند

"عەجەب، هاوڕێی ئازیز، عەجەب، تۆ و ئێرەیان نەگوتووە؟ تۆ، لەم شوێنە بەدناوەدا؟ تۆ، کە جەوهەری وشەت دەنۆشی! تۆ، کە لە خوانی خودایانت دەخوارد! بینینی تۆ، هەر بەڕاستی سەرسامی کردم".

هاوڕێی چاکم، تۆ چاک دەزانی چەندە لە ئەسپەکان و گالیسکەکان بێزارم. ماوەیەک پێش ئێستا، کاتێ دەمویست بەخێرایی و عەجەلەوە لە چوارڕیانەکەدا تێبپەڕم و هەولّم دەدا نەکەومە نێو چالّ و چۆڵەکانەوە، و لەم هەراوزەنایەدا، - کاتێک مەرگ لە هەرچوار لاوە سەرەتاتکێ دەکات، بەدوای ڕێگای هەڵهاتندا دەگەڕام، لەناکاو خولامەوە و خەرمانەی زێڕینم ڕاپەڕی و کەوتە نێو چاڵوچۆڵەکانەوە. ترسام بەڕاستی ترسام هەڵیگرمەوە. بیرم کردەوە لەدەستدانی ئەم ڕەمزە، کەمتر ئازاری بەدواوەیە بەراورد بە وردبوونی ئێسقانەکانم. بەخۆمم گوت بەختێکی باش! ئێستا دەتوانم لە جلوبەرگی گۆڕاودا، وەک هەر ئینسانێکی دیکەی فانی، چەند کارێکی پێچەوانەی بچووک بکەم، و خۆم لەنێو جۆش و خرۆشێکی خۆشەوە نقوم بکەم. و بەمجۆرەی دەبینی، ئێستا لێرەم، ڕێکوڕەوان وەک خودی تۆ.

دەبوو لانیکەم، بزرکردنی خەرمانەی زێڕینت، بە بەرپرسان ڕادەگەیاند، ئاگادارییەکت بۆ ڕۆژنامەکان دەنارد.
نەخێر، بەهیچ جۆرێک نەخێر! لێرە، زۆر ئاسودەم. تۆ تەنها منت ناسی، جگە لەمە، پۆست و پلەوپایە، میزاجم دەشێوێنێت. تازە بەتازە لانیکەم، دەبێت هەواڵی بزربوونی خەرمانەی زێڕین بە بەرپرسان بگەیەنیت، ئاگاداری بۆ ڕۆژنامەکان بنێریت.
بیرکردنەوە لەوەی یەکێک لە شاعیرە بەدەکان، ئەو خەرمانەیە هەڵبگرێتەوە و بێ شەرمانە لەسەری بنێت، بەگشتی چێژ لەمە وەردەگرم. چ چێژێکی هەیە خۆشحاڵکردنی کەسێک! بەتایبەت کەسێک دەمخاتە پێکەنینەوە! بیربکەرەوە، بۆ نموونە، ئێکس یان زێت، چ دۆخێکی پێکەنیناوی دروستدەکات!

## 2

## شیعرەپەخشانی "ئاوێنە" Mirror

پیاوێک بە ڕووخسارێکی دزێوەوە خۆی بەژووردا دەکات و بە نیگایەکی زەقەوە، لەئاوێنەکەدا لەخۆی دەڕوانێت.

"چما لە ئاوێنەدا لەخۆت دەڕوانی، کاتێک تۆ ناتوانی وێنەی خۆی ببینی بەبێ ئازار و ڕەنج"؟

پیاوی دزێو و تۆقێنەر وەڵامم دەداتەوە: "مسیۆ، بەپێی پرەنسیپی نەمری 1789، هەموو کەسان خاوەن مافی یەکسانن؛ بۆیە من ئەو مافەم هەیە لە ئاوێنەدا لەخۆم بڕوانم؛ ئیتر چ بە چێژەوە، یان چ بە ئازار و ڕەنجەوە، ئەمەش تەنها هی خۆمە و هیچ کەسێک ناتوانێت قۆرخی بکات".

وەک نوێنەری سەلیقەیەکی باش، بێ گومان من لەسەر حەق بووم؛ بەڵام، لە ڕوانگەی یاساییەوە، ئەو ڕاستی دەگوت و هەڵە نەبوو.

3

## بێگانە The Foreigner

– بڵێ، چ کەسێکت لە هەمووان زیاتر خۆشدەوێ، ئەی پیاوی مەتەڵاوی؟

– باوکت، دایکت، خوشکت یان برات؟

– من باوکێکم نییە، نە دایک، نە خوشک و نە برایەکیشم هەیە.

– هاوڕێکانت؟

– تۆ وشەیەک بەکار دەهێنیت، کە من تا ئەم عانەش لێی تێناگەم.

– وڵاتەکەت؟

– کە نازانم کەوتۆتە چ قوڕنەیەکی دنیاوە.

– جوانی؟

– بەوپەڕی توانامەوە خۆشمدەویست، خودائاسا و نەمر.

– زێڕ؟

– بە ئەندازەی بێزاربوونی تۆ لەخودا، منیش هێندە لێی بێزارم.

– باشە، چ شتێکت خۆشدەوێت، ئەی بێگانەی عەجیب و غەریب؟

– هەورەکانم خۆشدەوێت... ئەو هەورانەی تێدەپەڕن... لەو سەرەوە... لەو سەرەوە، لەهۆوێ... هەورگەلێکی سەرسوڕهێنەر!

## 4
## دانپێدانانی هونەرمەند (The Artist’s Confiteor)

چەندە خێرا و توندن کۆتایی ڕۆژەکانی پاییز! ئاخ! خێرا و تیژ تا سنوری ئازار! ڕێک وەک ئەو هەستە چێژبەخشانەی لێڵییەکانیان نابێتە هۆی کەمکردنەوەی خێراییەکانیان؛ و هیچ تیغێک تیژتر نییە لە تیغی ناکۆتایی.

خۆشی و شادی گەورەی نقومکردنی نیگای زەقی خۆت لەنێو بێ سنووری ئاسمان و دەریا! تەنهایی، بێدەنگی، پاکی بێ ئەندازەی نیلگۆن! کەشتی بایەوانی چکۆلە کە لە ئاسۆدا دەلەرێتەوە، لە چکۆلەیی و گۆشەگیرییەکەیدا، تەقلیدێک لە بوونی قەرەبوونەکراوی من؛ ئاوازی یەکجۆری شەپۆل؛ هەموو ئەم بیرۆکانە وام لێدەکات بیربکەمەوە، یان من بیر لە بیرۆکەکانیان دەکەمەوە (چونکە لەنێو شکۆی خەیاڵپڵاویدا، ئەم -من-ە بەخێرایی بزر دەبێت)؛ دەڵێم بیردەکەنەوە، بەڵام بە مۆسیقا و وێنە، بێ باس و خواس، بێ لۆژیک، بێ ئەنجام.

هەروەها، ئەم ئایدیایانە، چ هی من بن، چی لە شتەکانەوە سەرچاوەیان گرتبێت، بەخێرایی و توند و تیژ دەردەکەون. هێزێک، وزەیەک کە جەزبی چێژ نەکات، نائارامی و ئازار بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئێستا دەمارە زۆر بەیەکداچووەکانم، تەنها دەنگدانەوە و لەرزانێکی پڕ لە هاوار و ئازار دەگوازنەوە.

و ئێستا قووڵایی ئاسمان تووشی شۆکم دەکات؛ درەوشانەوەی وام لێدەکات ئازار بچێژم. بێ خەمی دەریا، بێ جوڵەیی دیمەن، هەڵمدەگەڕێنێتەوە... ئاخخخخخ! ئایا دەبێت بۆ ئەبەد ئازار بکێشین، یان تا ئەبەد لە هەموو ئەوشتانە ڕابکەین کە جوانن؟ سروشت، ئەی سیحربازی بێڕەحم، نەیاری هەمیشە سەرکەوتوو، وازمان لێبێنە! بوەستە لە وەسوەسەکردنی ئارەزوو و غروورەکانم! لێکۆڵینەوە لە جوانی دوێلێکە (duel)، هونەرمەند پێش ئەوەی بەخاک بسپێردرێت، هاواری ترسناکی لێبەرز دەبێتەوە.

## 5

## وەرن با بەیەکەوە مەست بین

مەست بە
ئەمە هەموویەتی،
دەبێ بەردەوام مەست بی
هەر ئەمە و بەس.
دەبێ مەست بی تا هەست بە قورسایی تێکشێنەری زەمان نەکەیت
کە تێکت دەشکێنێت
و
شانەکانت دەچەمێنێتەوە
دەبێ هەمیشە مەست بی
بەڵام مەستی لە چی؟
لە شەراب لە شیعر یان لە خۆپارێزی،
هێندەی حەزدەکەن مەست بن
و ئەگەر ساتێک بەسەر
نەردەکانی کۆشکێکدا،
لەسەر مێرگوزارە کەنار ڕووبارییەکان
یان لە تەنهایی وەڕەسکەری ژوورەکەتان،
بێدارییەکی قورس دایگرتن هی ئەوەیە چیتر مەست نەماون یاخوک مەستیتان کەم بۆتەوە،

بپرسن لە با، لە شەپۆل، لە ئەستێرە لە باڵندە لە سەعات
لە هەرشتێک کە هەڵدەکات
و لە هەموو ئەو شتەی جوڵە دەکات
گۆرانی دەچڕێت و قسە دەکات
بپرسن ئێستا زەمان چییە؟
و با، شەپۆل، ئەستێرە، باڵندە،
سەعات وەڵامتان دەدەنەوە
زەمان مەستییە
بۆ ئەوەی کۆیلەی ئازاردیتووی زەمان نەبن
مەست ببن
لە شەراب، لە شیعر، لە خۆپارێزی،
هەتا حەزدەکەن
مەست ببن.

6

## سەفەر بۆ سیترا

دڵم دەدات لە شەقەی باڵ، هەروەک باڵندەیەکی مەست

کە بەسەر تەنافەکاندا بەدگومان تیاماوە

کەشتی، لەژێر ئاسمانی ساماڵدا خلۆربووەوە

هەروەک فریشتەیەکی مەست وایە لەبەر درەوشانەوەی تیشکی خۆردا.

ئەم دوورگە تاریک و غەمبارە چییە؟ –ئەوە سیترایە،

پێماندەڵێن شاری بەناوبانگی سترانەکانە،

بەهەشتی خەیاڵیی کوڕە پیرەکانە.

بەڵام سەیرکەن؛ ئەم خاکە چەندە بە برسێتی ماوەتەوە.

–دوورگەی نهێنییە شیرینەکان و ئارامی و جەژنی دڵەکان!

بە سێبەری قەشەنگ و ڕازاوەی ڤینۆسی پیر

که وەک عەترێک بەسەر دەریاکاندا بڵاودەبێتەوە و

هەموو مێشکەکان پڕدەکات لە عەشق و تکا.

دوورگەیەکی بچکۆلە بە ڕیحانە هەمیشە سەوزەکانەوە، پڕ لە خونچە هێشتا نەپشکوتووەکان،

کە لەلایەن هەموو نەتەوەکانەوە ستایشدەکرێن و

لەهەموو شوێنێک

داد و فیغان و ئاهوناڵەی دەستی ئەم جوانییە دەبیسترێت

هەروەک عەتری گوڵەباخ.

یان وەک سترانە نەمرەکانی کۆترە باریکەکان.

-سیترا جگە لە خاکێکی بچکۆلە و دوور، شتێکی دیکە نەبوو

بیابانێکی بەردەڵان، بەو هاوار و ناڵانە گوێ کەڕدەکەن

بەڵام لەچاوانمدا، شتێکی غەریب و تاقانەم بینی!

ئەمە پەرستگایەک نەبوو لەژێر سێبەری بێشەڵانەکاندا

کە تیایدا ئەو قەشەیەی دڵی چووە بەگوڵەکاندا

بە جەستەیەکی پڕ لە هەوا و هەوەس، هەنگاو بەناویاندا دەنێت و

عەباکەی نیوەکراوە بەڕووی شنەبادا دەکاتەوە.

بەڵام سەیرکە! هەروەک بە بەلەمە چارۆکەدارەکانەوە بەنێو باڵندەکاندا

پێکەوە بۆ کەنار هاتین

بینیمان دەتەوێت بە سێ لقەوە دژی ئاسمانی ڕەش و چڵکن هەروەک درەختی سیپرۆس، خۆت پیشانبدەیت.

باڵندە دڕندەکان بەشێوەیەکی شێتانە، جەستەی تێکەڵی دڕندایەتییان بەخۆیانەوە گرتووە

لەناوبردنی جەستەی پیاوێکی لەقەنارەدراو

هەر یەکێکیان دەنوکی پیسی خۆیان وەک تیغێکی کونکەر

وەک ئامڕازێک، ڕۆکردبووە هەموو گۆشەیەکی خوێناوییەوە.

لەبەرچاواندا دوو دۆڵ و چاڵ و سکێکی هەڵدڕاو

ڕیخۆڵە قورسەکان کەوتبوونە دەرەوە و

ئەو ئازارە ترسناکەی بەتموحەوە سەرتاپای ئەوی تەنیبووەوە

بەتەواویی ئەوی نەزۆک کردبوو،

بە دەنووکە تیژەکانییەوە.

لەژێر پێیەکانیدا ژمارەیەک لەچوارپێیانی بەخیل

بە لوتە پڕ تموحەکەیانەوە، لە دەوری ئەو کۆبوونەتەوە:

یەکێکیان زەبەلاحتر لەوانی دیکە هاتووەتە ناوەوە

وەک جەلادێک لەنێو یاران و هەوادارانی.

ئەی هاووڵاتیی سیترایی، ئەی نەوەی ئاسمان و بەهەشت، ئەی جوانکیلە

هەر لەبێدەنگیدا بەرگەی ئەم سوکایەتییەت گرت

لەبری کەفالەتی ئەم پەرستنە قێزەون و ئەو گوناهانەت

ئێستا گۆڕت پێدەسپێرن.

ئەی قوربانیی گاڵتەجاڕ؛ ئازارەکانی تۆ هی منن!

من کوڕماومەتەوە و پشتم چەماوەتەوە بەهۆی هەڵدڕینی جەستەی تۆوە و

ئەی ڕووباری دوور و درێژی خەم و ئازاری کۆنی من، دەمەوێت جارێکی دیکە هێڵنج بدەم و بڕشێمەوە.

پێش تۆ، ئەی شەیتانی بێچارە، کە وەها بەئازیزی لەیادەوەریمدا

ماویتەتەوە

من وا هەستمدەکرد هەموو قەلەڕەشەکان بریندار دەبن و دەشکێن،

هەموو پڵنگە ڕەشەکان کە زۆر حەزیاندەکرد

لە ڕۆژەکانی دیکەدا جەستەم کەرت بکەن و بیخۆن.

ئاسمان ڕازاوە و تەلیسماویی و دەریاش ئارام بوو؛

بەڵام بۆ من، هەمووی بە تاریک و خوێناویی دەردەکەوت،

داخەکەم! وەک بڵێی من لە کفنێکی قورس و گراندا

دڵی خۆمم بە گۆڕ سپاردبێت.

بەڵێ! ئەی ڤینۆس، لە دوورگە بچکۆلەکەتدا، ستونێکم دۆزییەوە

کە وێنەی خۆمم دەبینیی وەک ڕەمزێک بەوێدا هەڵواسرابوو!

ئاها! ئەی سەروەرم، هێز و ئازایەتیم پێبدە

تا بەبێ بێتاقەتی و بێزاری

بیر لە جەستە و گیانم بکەمەوە!

# 7

## گۆشەگیری

جۆرنالیستێکی بەخشندە، پێمدەڵێت گۆشەگیری خراپە بۆ ئینسان و بۆ پشتڕاستکردنەوەی تێزەکەی خۆی، وەک هەموو بێباوەڕان، ئیقتیباس لە باوکانی کڵێسا دەهێنێتەوە.

دەزانم شەیتان بەگشتی و بەئارەزووی خۆی دەستی بەسەر زەوییە شۆرەکاتەکان(زەویی بێ پیت)دا گرتووە و ڕۆحی کوشتن و شەهوەت لە شوێنە دوورەدەست و گۆشەگیرەکاندا بە چەشنێکی سەرسوڕهێنەر دەگەشێتەوە. بەڵام پێدەچێت ئەم گۆشەگیرییە تەنیا بۆ گیانێکی ئاوارە و تەنبەڵ و ناڕێک، ترسناک بێت، ئەو گیانەی بە شەهوەت و وەهمەکانی خۆی پڕیدەکاتەوە.

ئەرێ ئەوە ڕوونە کەسی زۆربڵێ، کە قسەکردن و گوتاردان لەسەر سەکۆ یان مینبەر چێژە هەرە باڵاکەیەتی، ئەو مەترسییەی ڕووبەڕوودەبێتەوە، کە لە دوورگەی ڕۆبینسن کرۆزۆدا ببێتە شێتێکی توندوتیژ و دەستوەشێن. دیارە من چاوەڕوانی فەزیلەتە جەسورانەییەکەی کرۆزۆ لە جۆرنالیستەکەی خۆم ناکەم، بەڵام ئەو چاوەڕوانییەم هەیە، کە ئەو خۆی بەدوور بگرێت لە تۆمەتبەخشینەوە بە عاشقی گۆشەگیری و ڕاز.

لێرە، لەنێوان پێشبڕکێکارانی ئێمەدا، کەسانێک هەن ئامادەن بە زۆرلێکردنێکی کەمترەوە سزا و عەزابی مەرگ قەبوڵبکەن، ئەگەر دەرفەتێکیان پێدەدرا بیانتوانیبا لەسەر بەرزایی قەنارەوە بەتەواویی و بەدەنگی بەرز قسە بکەن، ئەویش بەبێ ترس لەوەی، تەپڵە سانترەکان[43] قسەکانیان کورتبکەنەوە و پێیانببڕن.

من هیچ داخ و کەسەرێکم بۆیان نییە، چونکە وایدەبینم نفوس و دەسەڵاتی ڕەوانبێژانەیان چەندان خۆشی و شادییان بەدیاری بۆ دەهێنێت، هاوتای ئەو چێژ و خۆشییانەی کەسانی دیکە لەڕێگای بێدەنگی و قوڵبوونەوەوە بەدەستیدەهێنن؛ بەڵام من حەزم لەوانە نییە.

لەسەرووی هەموویەوە، حەزدەکەم جۆرنالیستە بەنەفرەتکراوەکەم دەرفەتی پێبدامایە بەڕێگای خۆمدا بڕۆم، یان بە ڕەوت و ڕێچکەی خۆمەوە خەریک بم. ئەو بە تۆن و دەربڕینێکی ئینجیلییانە و قەشەئاسا و لەقوڕگییەوە پێمدەڵێت "واتا تۆ هیچ کات هەست بەم پێویستییە ناکەیت، کە چێژەکەت لەگەڵ ئەوانیدیکەدا بەشبکەیت؟" ئەرێ سەیری لێهاتوویی و زیرەکیی ئەو پیاوە حەسودە بکەن! دەزانێت من گاڵتە بە خۆشی و شادییەکانی دەکەم و کەچی

[43] Santerre’ کەسایەتییەکی فەڕەنسی بوو، ئەندامی گاردی نەتەوەیی بوو، کە لە ڕێوڕەسمی لەداردانی لوویی شازدەیەمدا فەرمانی بە تەپڵ لێدەرەکان دەدا، لەکاتی هەوڵی پادشا بۆ قسەکردن بۆ جەماوەری ئامادە، لەڕێگای دەنگی تەپڵەکانەوە وابکەن دەنگی نەبیسترێت.

هەوڵدەدات خۆی بخاتە ناو چێژ و خۆشییەکانی منەوە، ئەم بەدبەخت و چارەڕەشەی بکوژی چێژ و خۆشییەکانە!

"ئەم خراپە گەورەیەی، ئەوانەی ناتوانن بەتەنیا بن..." لا برویەر ئەمە لەشوێنێکدا دەیڵێت، وەک بڵێیت بۆ شەرمەزارکردنی هەموو ئەوانەی ڕاکەڕاکیانە بۆ نێو قەرەباڵغی و لەبیرکردنی خۆیان، بێگومان ترساو و تۆقیو لەوەی، نەتوانن بەتاقی تەنیا پشت بەخۆیان ببەستن.

دانایەکی دیکە، پێموایە پاسکاڵ بێت، دەڵێت "بەڕادەیەک هۆکاری هەموو بەدبەختییەکانمان لەوەوە دێت، کە ناتوانین بە ئارامی لە ژوورەکانمان دابنیشین" و بەمجۆرە هەموویان بانگی خانەی تاکەکەسیی قوڵبوونەوە و تێڕامان دەکات، کە لە چالاکی و لە سۆزانیخانەدا بەدوای بەختەوەریدا بگەڕێن، کە ئەگەر بتوانم بە زمانی جوانی سەردەمەکەی خۆم قسە بکەم، دەبێت بە وشەی ***برایانە***[44] دەریببڕم و ڕایبگەیەنم.

ئەو گەنجینانە، ئەو مۆبیلیاتانە، ئەو دیکۆراتە، ئەو نەزمە، ئەو گوڵە سیحراوییانە، هەر هەموویان تۆن، خودی تۆ و بەمجۆرەن، ئەو ڕووبارە مەزنانە و ئەو کەناڵە ئاسودە و ئارامانە. ئەو کەشتییە زەبەلاحانە، کە پڕن لە زەخیرەی کەناڵە پڕ تەوژمەکان و گۆرانیی یەکڕیتمی کەشتیوانەکان لەوانەوە دێت، ئەمانە بیرۆکەکانی منن، کە لەسەر سینەی تۆ دەخەون، یان سەر دەخەنە سەر سینەت. تۆ زۆر

[44] *fraternarian,*

بەئارامی ئەوانە بەرەو ئۆقیانوسێک دەبەیت، کە خۆی هەمان ***ناکۆتا***یە و قووڵایی ئاسمان لە دەروونی جوانتدا دەنوێنیتەوە؛- و ئەو کاتەی، شەکەت بەهۆی هەڵبەز و دابەزی شەپۆلەکان و چەماوە بۆ ژێر بەرهەمەکانی خۆرهەڵات، کەشتییەکان دەگەنە بەندەری شوێنی لەدایکبوونیان، ئەوانە هێشتا بیرۆکە دەوڵەمەندبووەکانی منن، کە لە ناکۆتاوە بەرەو تۆ دەگەڕێنەوە.

9

## ليسبۆس

ئەی دایکی هەوا و هەوەسی ڕۆمیان و چێژ و خۆشیی یۆنانیان،

ئەی لیسبۆس، ماچەکانی نیوەشەوانی تۆ هەهەندێک جار

دەسوتێت وەک تیشکی خۆر و هەندێکجاری تریش

سارد و بێ هەست وەک کاڵەک.

ئەی دایکی هەوا و هەوەسی ڕۆمیان و چێژ و خۆشیی یۆنانیان.

ئەی لیسبۆس ماچەکان وەک تاڤەگان

دەڕژێنە نێو گۆماوە قوڵەکانەوە

و ناڵەکێشان و هاوارچییان، و شەپۆلئاسا و شاراوە،

ڕادەکەن.

ئەی لیسبۆس، ماچەکانت لە تاڤگەکان دەچن.

ئەی لیسبۆس، کە سۆزانییەکانت لەئامێز گرتووە

لەناوەوەتدا دەنگدانەوەی ئاهوناڵە بەگوێکان دەگات

ئەستێرەکان هەروەک پافۆس، تۆ ستایش دەکەن،

و ڤینۆس بەڕاستی حەسودی و ئیرەیی بە سافۆی تۆ دەبات!

ئەی لیسبۆس، کە سۆزانییەکانت لە ئامێز گرتووە.

لیسبۆس، ئەی نیشتمانی شەوانی گەرم و مەستکەر

و پڕ هەواو هەوەس

لە ئاوێنەکەتەوە سەرهەڵدانی چێژەکان دەبینرێت

و کچان بە چاوانی بۆش و جەستەی عاشقانەیانەوە

میوە پێگەیشتووەکانی خۆیان دەژەنن

ئەی لیسبۆس، ئەی نیشتمانی شەوانی گەرم و هەواو هەوەس

بێڵە ئەفلاتونی پیر پەڕۆیەک لەنێو چەوانی بئاڵێنێ

تۆ لێخۆشبوون لە گەرمی ماچەکان وەربگرەوە،

و عەشقی ماندوونەناسانەی خۆت پاک بکەرەوە

ئەی شاژنی ئیمپراتۆریەتی شیرین و ئارام، ئەی نیشتمانی مەحبوب و جوان

بێڵە ئەفلاتونی پیر پەڕۆیەک لەنێوچەوانی بئاڵێنێ

تۆ لێخۆشبوون لە ڕەنج و ئازاری ئەبەدیی، وەربگرەوە

ئەو ئازارەی هەمیشە بەسەر دڵە میهرەبانەکاندا دەبارێ

و دوور لە ئێمە، لەژێر ئاسمانە درەوشاوەکانی دیکەدا

خەندە ناڕوون و ڕازئامێزەکان دەکرێنەوە و گەشە دەکەن

تۆش لێخۆشبوون لە ئازار و ڕەنجی ئەبەدیی وەربگرەوە

ئەی لیسبۆس، ئەرێ کام یەکێک لەخواکان دەتوانێ حوکم لەسەر کارەکانی تۆ بدات؟

ڕووخساری ڕەنگپەڕیوی تۆ مەحکوم و سەرزەنشت بکات؟

تەرازوی ئاڵتوونیی ئەوان هەرگیز ناتوانێ تۆفانی

فرمێسکەکانی تۆ بکێشێ

کە ڕووباری تۆیان ڕژاندۆتە ناو دەریاوە؟

ئەی لیسبۆس کام یەکێک لەخواکان دەتوانێ حوکم لەسەر کارەکانی تۆ بدات؟

ئەم یاسایانەی باشە و خراپەکان چیان لە ئێمە دەوێ؟

ئەی کچانی پاکیزەی خاوەن دڵێکی والا، ئەی ئەی شانازیی ئەم دوورگانە؛

ئەگەر ئایینەکەتان، شتێکی جیا بووایە لەمە، شکۆمەندتر دەبوو،

و عەشق لەبەردەم دەروازەی بەهەشت و دۆزەخدا پێدەکەنی

ئەم یاسایانەی باشە و خراپەکان چیان لە ئێمە دەوێ؟

ئەی لیسبۆس لەسەر زەویی لەنێوان هەموو شاعیرانی دیکەدا

من هەڵبژێرە،

تاکو گۆرانی بۆ کچانی پاکیزە و ئەندامە گوڵینەکانیان بچڕم

و من لە منداڵێتیی ئەم ڕازە تاریک و ڕەشەوە،

و قاقای ئەو پێکەنینانەی تێکەڵی گریانە غەمهێنەرەکان ببوو،

هەموویم بە گیان و دڵ قبوڵکردبوو.

ئەی لیسبۆس لەسەر زەویی لەنێوان هەموو شاعیرانی دیکەدا

من هەڵبژێرە.

و زۆر دەمێکە لە بەرزاییەکانی لۆکاتەوە نیشتەجێم

وەک پاسەوانێک چاوە تیژەکانم، بە شەو و بەڕۆژ

بڕیوەتە سەر ڕێگای کەشتییە چارۆکەدارەکان

کەشتییە ئاساییەکان و کەشتییە جەنگییەکان،

تا لەئاسۆوە جوڵەی چارۆکەکانیان ببینم.

و زۆر دەمێکە لە بەرزاییەکانی لۆکاتەوە نیشتەجێم

ئایا جارێکی دیکە ڕەحم و میهرەبانیی دەریا دەبینمەوە،

ئایا شەپۆلەکان، لەناوەوەی قوڵپەی گریانێکدا کە لە سینەی

پەردەکاندا دەنگ دەدەنەوە،

پەیکەرە جوانەکەی سافۆ، دەگەڕێننەوە

ناو باوەشی لیسبۆسەوە؟

ئایا جارێکی دیکە ڕەحم و میهرەبانیی دەریا دەبینمەوە؟

سافۆی جوامێر، عاشق و شاعیر،

بە ڕەنگە پەڕیوییەکەی و بێ ڕەنگییەکەیەوە، زۆر لە ڤینۆس جوانتر بوو!

چاوە ڕەشەکانی کە ئازار؛ خەرمانەیەکی تاریک بەدەوریردا کێشرابوو

لە چاوانێکی شین

زیاتر دڵنشین

دەردەکەوت.

سافۆی جوامێر، عاشق و شاغیر!

جوانتر و ناسکتر بوو لە ڤینۆسی باڵادەست بەسەر جیهاندا،

گەنجینەی ئارامییەکان

و ڕەنگدانەوەی جوانیی ئاڵتوونیانەی خۆی

خستە نێو ئۆقیانووسی پیرەوە و لەگەڵ کچەکەیدا خۆشحاڵیی دەربڕیی؛

جوانتر و ناسکتر بوو لە ڤینۆسی باڵادەست بەسەر جیهاندا،

سافۆی دڵنشین، لە ڕۆژی تەکفیرکردنی خۆیدا مرد،

ئەو کاتەی داب و نەریتی تەشهیرئامێز و ڕێوڕەسمی بێ بەها

ئەویان مەحکوم بە مردن کرد و جەستە هەوەسبزوێنەکەی

بوو بە خۆراکی دەریای دڕندە و وەحشیی

غرور تۆڵەی لە ڕەشبینیی کردەوە.

سافۆی دڵنشین، لە ڕۆژی تەکفیرکردنی خۆیدا مرد،

و لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ لیسبۆس دەناڵێنێت،

و ئەگەرچی جیهان چەندین شانازی پێ بەخشیوە

بەڵام هەموو شەوێک بەهۆی هاتوهاواری ئەو تۆفاەی

لە کەنارە ڕووتەکاندا بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە

ئەو مەست و مەدهۆش دەبێت

و لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ لیسبۆس دەناڵێنێت،

## 10

## بانگهێشتی سەفەر

وڵاتێکی نایاب، شکۆمەند و وەک دەگوترێت، وڵاتی کۆکانی، کە خەون بەوەوە دەبینم لەگەڵ هاوڕێیەکی دێرینەدا سەردانی بکەم. وڵاتێکی تاقانە، نوقمی نێو تەمی باکوورییمان، کە دەتوانین ناوی بنێین خۆرهەڵاتی خۆرئاوا، چینی ئەورووپا، لەو شوێنەی فەنتازیای گەرم و هەوەسێکی ئاوا بەم چەشنە هەیە و فراوانە و جۆرێک ئارامگران و چەشنێکی لاسارییانە، ئەم وڵاەی بە میوە تازە و ناسکەکانی خۆی ڕازاندۆتەوە.

وڵاتی ڕاستەقینەی کۆکانی، ئەو شوێنەی هەموو شتێک جوان، دەوڵەمەندە و ئارام و لەشوێنی خۆیەتی؛ ئەو شوێنەی ڕازاندنەوە چێژ لە بینینی وێنەی خۆی لە ئاوێنەی نەزمدا وەردەگرێت، ئەو شوێنەی ژیان کەوتۆتە نێو بەختەوەریی هەستە قورس و شیرینەکانەوە؛ ئەو شوێنەی ناڕێکیی، ئاژاوە، و شتە چاوەڕواننەکراوەکان ڕەتکراونەتەوە؛ ئەو شوێنەی بەختەوەریی، هاوسەری بێدەنگییە؛ ئەو شوێنەی تەنانەت چێشتلێنانیش شاعیرانەیە، هاوکات دەوڵەمەند و جوڵێنەر و وروژێنەرانەیە؛ ئەو شوێنەی هەموو شتێک لەتۆ دەکات، هەی فریشتەی ئازیزی من.

ئەرێ تۆ دەیناسی ئەم نەخۆشییە بێ قەرارییە کە ڕۆژەکانی بەدبەختییە ساردییەکەمانی داگیرکردووە، ئەم دڵتەنگییە، ئەم

نۆستالژییە بۆ وڵاتێکی نەناسراو دەناسیتەوە، ئەم نیگەرانییەی کنەکاریی و وردبوونەوەیە دەناسیتەوە؟ وڵاتێکە زۆر لەتۆ دەچێت، لەوێ هەموو شتێک قەشەنگ، دەوڵەمەند و ئاسودە و پڕاوپڕە، لەو شوێنە فەنتازیا و بیرکردنەوە لە غەرب، چینێکی [وڵاتی چین] دیکەی دروستکردووە و ڕازاندۆتەوە، ئەو شوێنەی ژیان لەنێو بەختەوەریی هەستە شیرینەکان دایە و بەختەوەریی هاوسەری بێدەنگییە. ئەرێ هەر ئێرەیە دەبێت تێیدا بژین. هەر ئەو شوێنەی دەبێ تێیدا بمرین.

بەڵێ، ئێرە هەمان شوێنە دەبێت هەناسەی تێدا بدەین، خەونی تێدا ببینین و کاتەکان بە یارمەتی ناکۆتایی هەستەکان، درێژبکەینەوە. ***مۆسیقارێک بانگهێشتنامەیەکی بۆ واڵتز*** نووسیوە؛ ئێستا ئەو شوێنە لە کوێیە کە ***بانگهێشتی سەفەر*** ڕێکبخات، ڕێکخستنێک شایستەی پێشکەشکردن بێ بە ژنی خۆشویستراو [مەعشوقە]، بە خوشکی هەڵبژێردراو؟

بەڵێ لە کەشێکی ئاوادایە ژیان زۆر باش دەبێت – هەر ئەو شوێنەی کاتژمێری هێشواتر بیرۆکەی زیاتر لەخۆ دەگرێت، ئەو شوێنەی کاتژمێرەکان بە درەوشانەوەیەکی قوڵتر و پڕماناتر زەنگی سەعاتەکان لێدەدەن.

لەبەردەم پەنجەرە درەوشاوەکان، یان لەبەردەم پێستە بەدیوار داکوتراوەکاندا بە دەوڵەمەندییەکی تاریک و خەمناکەوە، تابلۆیەکی موقەدەس بێ هەرا و زەنا دەژیت، هێمن، قوڵ هەروەک گیانی ئەو

هونەرمەندانەی ئەم بەرهەمانەیان خولْقاندووە. ئەو خۆرانەی ڕوویان لەئاوابوونە کە ژوورەکانی پێشوازیی یان هۆڵەکان بەم قوڵی و دەوڵەمەندییەوە ڕەنگاو ڕەنگ دەکەن، بەنێو پەردە ناسکەکاندا ڕەت دەبن، یان بەنێو پەنجەرە گەورە و ڕازێنراوەکاندا کە بە شیشە میتاڵییەکان داپۆشراون. مۆبیلیاتەکان بێ ئەندازە زۆرن، دەگمەن و غەریبن، سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەرن، بە گەلێک قفڵ ڕێکخراون و ڕاز و نهێنییەکانیش وەک ڕۆحە پاکژ و پاڵاوتووەکان وان. ئاوێنەکان، میتاڵەکان، قوماشەکان، ئاڵتوونەکان، و گڵکارییەکان سەمفۆنایەکی بێدەنگ و پڕ لە ڕاز و ڕەمز لەبەردەم نیگاکاندا دەژەنن؛ و لە هەموو شتەکانەوە، لەهەر گۆشە و کەنارێکەوە، لەهەر درز و بۆشاییەکی گەنجینەکانەوە و لە گرمۆڵەبوونی پەردەکانەوە بۆنێکی خۆش هەڵدەستێت، ***دەنگێک بۆلای من گەڕایەوە***! لە سوماتراوە، کە وەک ڕۆحی ئەم باڵەخانەیە دەردەکەوت و خۆی دەنواند.

من دەڵێم، وڵاتی ڕاستەقینەی کۆکانی، ئەو شوێنەی هەموو شتێ دەوڵەمەند، پاکوتەمیزە و دەدرەوشێتەوە، هەروەک ویژدانێکی تەندروست، پاک، هەروەک مەتبەخێک بە کەلوپەلی زۆر باشەوە، هەروەک جەواهیراتی ڕەنگاڵە، هەروەک پارچەیەکی شۆکەندی ئاڵتوونێکی چەکوشکاریکراو! لەوێ گەنجینەکانی جیهان کەڵەکەکراون، هەروەک دەرگای ماڵی پیاوێکی زەحمەتکێش کە باشی بەرانبەر هەمووان نواندووە. وڵاتێکی تاقانە، باڵاتر لەوانی دی، هەروەها [لەوێ] ***هونەر*** بەرز و باڵاترە لە ***سروشت***. ئەو شوێنەی سروشت

بەکۆمەکی خەونەوە چاککراوە، ئەو شوێنەی سروشت ڕاستکراوەتەوە، ڕازاوەتەوە و گۆڕاوە.

لێیانگەڕێ بگەڕێن، دیسان لێیانگەڕێ بگەڕێن، لێیانگەڕێ بەردەوام سنوورەکانی بەختەوەرییەکانیان دوورتر بکەنەوە، ئەو کیمیاگەرانەی باخەوانی! لێگەڕێ شەست یان سەد هەزار فلۆرین[45] بەو کەسانە ببەخشرێ کە کێشە خۆویست و چاوچنۆکییەکانیان چارەسەر دەکەن! و بەڵام من، من دۆزیومەتەوە ***گوڵی لالەی ڕەش*** و ***گوڵی دالیا [کەوکەب]ی شین***ی خۆم[46]!

گوڵێکی بێ وێنە، لالەی دۆزراوە، دالیای تەمسیلیی (ئەلیگۆری)، ئا لێرەیە، ئەی نا، لەم وڵاتە ڕازاوە زۆر ئارام و خەوناوییە دایە کە دەبێت بژین و گەشە بکەین؟ ئایا هاوشێوەی خۆت دروست نابیت و ئایا ناتوانی، هەروەک عاریفان باسی دەکەن – لەو ئاوێنەیەدا ڕەنگ بدەیتەوە کە لەخۆت دەچێت؟

خەونەکان، هەمیشە خەونەکان! و هەرچەندێ گیان بەرزەفڕتر و ناسکتر بێ، خەونەکان لە مومکین دوورتری دەخەنەوە. هەموو ئینسانێک لەناوەوەی خۆیدا پشکی خۆی لە تلیاکی سروشت هەڵگرتووە، کە هەردەم بزر دەبێت و دووبارە نوێ دەبێتەوە، و لەنێوان لەدایکبوون و ژیاندا، دەتوانین چەند سەعاتێک بژمێرین کە

[45] یەکەی پارە
[46] ناونیشانی دوو گوڵی خەیاڵیی، لە ڕۆمانی ئەلێکساندەر دۆما وەرگیراوە.

پڕبێ لە خۆشی و چێژیی واقیعیی، پڕ لە ئەکتی سەرکەوتووانە و جددی؟ ئایا هەرگیز دەژین، هەرگیز بەنێو ئەو وێنەیەدا سەفەر دەکەین کە ڕۆحی من کێشاویەتی، ئەو وێنەیەی تەواو لەتۆ دەچێت؟

**سەرچاوەکان:**


(1) http://fleursdumal.org/

(2) http://gutenberg.spiegel.de/buch/-1363/1

(3) Charles Baudelaire: Die Blumen des Blösen, übertragen von Graf Wolf von Kalckreuth. Insel Verlag, Leipzig, 1907.

(4) Charles Baudelaire: Paris spleen, Translated, with Introduction and Notes, by Raymond N. MacKenzie, Hackett Publishing Company, Inc, 2008.

(5) بودلر/بنیامین، ترجمه: مراد فرهادپور و امید مهرگان، انتشارات مینوی خرد، تهران، 1390.